زنجيرەی ئيسلام و لاوان
(٣)

لە گەڵ کێدا
دادەنيشيت و هاوڕێيەتی کێ دەکەيت ؟

مَـنْ تُجالِـسْ ومَـنْ تُصاحِبْ ؟

نووسينی : عبد الله علي الجعيش

وەرگێڕانی : مامۆستا محمد عبد الرحمن لطيف
وتارخوێنی مزگەوتی حاجی لەر

چاپی يەکەم ١٤٢٩ کۆچی

لە بڵاوکراوەکانی سايتی بەهەشت

www.ba8.org

هەميشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

==========================

تێبينی : مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ هەموو موسڵمانێکە بە مەرجێ وەکو خۆی بڵاوی بکاتەوەو دەستکاری نەکرێت

پێشەکی نووسەر

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين ، وصلى الله وسلم على عبدهِ ورسوله نبينا محمد وعلى آلــهِ وصحبهِ أجمعين .

أمـــا بعد :

ئەم نوسراوە چەند لاپەڕەیەکە کۆمکردوونەتەوە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ، وە لە ووتەی زانایان و دانایان سەبارەت بە هاندان بۆ هەڵبژاردنی هاوڕێ و برادەری صالّح و چاك ، وە سەبارەت بە ووریا کردنەوە و ئاگادار کردنەوە لە هاوڕێ و برادەری خراپ ، لە گەڵ ڕوون کردنەوەی بەرهەم و شوێنەواری ئەم و ئەویش .

هیچ هەوڵ و تێکۆشانی منی تێدا نىیە جگە لە هەڵبژاردن و بەند کردن و کۆکردنەوەی نەبێت لە جێگایەکدا ، بۆ ئەوەی بکەوێتە بەر چاوی برایانی خواییم لە گەنجە بە هیوا و ئومێدمەندەکان .

برای لاوم :

ئەم ووتە و حیکمەتانە بکە بە چرایەك ڕووناکی لێوە وەربگریت ، وە نەکەیت هەڵبژاردنی هاوڕێکەت بەند بێت بە خۆشەویستی سروشتیەوە یان بە هەوا و ئارەزووەوە یان بە (مِزاج)وە ، چونکە چەندین مرۆڤ هەیە خۆپارێزی دەکات لە خواردەمەنیەك کە حەزی لێدەکات یان لە ئارەزوویەك کە دەروون و نەفسی بۆی دەڕوانێت ئەمەش لە ترسی ئەو ئەنجامەی کە لێی دەکەوێتەوە چ ئێستا بێت یان لە داهاتوودا .

وە لە بیرت نەچێت بپاڕێرەوە بۆ برای موحتاجت پاڕانەوەیەکی نهێنی کە خوا سوودەکەی بگەیەنێت بە ئەو و بە تۆش .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته .

عبد الله بن علي الجُعيش

القصيم ـــ بريدة ـــ كلية الشريعة

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على مَــنْ بعثه الله رحمةً للعالمين ، وعلى آلــهِ وصحبهِ أجمعين.

وبعد :

خوای پاك و پایە بەرز مەبەستی خۆی لە دروست کردنی جنۆکە و مرۆڤ دیاری کردووە ئەویش : پەرستنی خوایە بە تەنها بە بێ شەریك و هاوەڵبڕیاردان بۆی ، وەك فەرموویەتی : ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾﴾ [سورة الذاريات] .

واتە : خوا جنۆکە و مرۆڤی دروست نەکردووە تەنها بۆ یەك مەبەست نەبێت ئەویش پەرستنی خوایە بە تاك و تەنها و بێ شەریك و هاوەڵبڕیاردان بۆی .

وە فەرموویەتی : ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ ﴿٣٦﴾﴾ [سورة النحل] .

واتە : ئێمە بۆ هەموو ئوممەت و قەوم و کۆمەڵە خەڵکێك پێغەمبەرێکمان ناردووە بۆ ئەوەی : خوا بە تەنها بپەرستن و دوور بکەونەوە لە طاغوت و ئەوانەی کە جگە لە خوا دەپەرسترێن .

وە فەرموویەتی : ﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِى بِيَدِهِ ٱلْمُلْكُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١﴾ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ﴿٢﴾﴾ [سورة الملك] .

واتە : گەورەیی و پایە بەرزی بۆ ئەو خوایەی کە موڵکی بە دەستە و توانای بە سەر هەموو شتێکدا هەیە ، ئەو خوایەی کە مردن و ژیانی دروست کردووە بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە تا دەربکەوێت کامتان کردەوەتان چاکترە ، وە ئەو خوایە توانای بە سەر هەموو شتێکدا هەیە و لێبوردەشە بۆ تاوانباران .

وە جگە لەمانەش چەندین ئایەتی تر هەن کە بەڵگەن لە سەر دیاری کردنی ئامانج و مەبەست لە دروست کردنی خەڵك کە ئەویش پەرستنی خوایە بە تاك و تەنها و بێ شەریك .

وە دانایەتی و حیکمەتی خوا لە دروستکراوەکانیدا وا دەخوازێت کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی حەز لە تێکەڵاوی کەسانی تر بکات و لە گەڵیاندا دانیشێت و کۆببێتەوە.

وە ئەم دانیشتن و هاوڕێیەتییە شوێنەوار و پاشماوەی ڕوون و ئاشکرای هەیە لە سەر بۆچوون و ڕێباز و ڕەوشت و ئاکاری مرۆڤ ، وە هۆکارێکی کاریگەرە بۆ دیاری کردنی پاشە ڕۆژ و داهاتووی مرۆڤ و بەختەوەری دونیا و دوا ڕۆژی .

چونکە مرۆڤ کاریگەر دەبێت و چاو لە هاومەجلیس و هاوڕێی دەکات لە بۆچوون و بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و کردەوەکانیدا ، وە ئەم چاو لێکرنەش لە ناخ و لە سەر جەستە و بۆچوون و ڕەوشت و کردەوەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە.

وە شەرع و عەقڵ و واقع و ئەزموون (التجربة) و بینینیش هەموو بەڵگەن لە سەر ئەم ڕاستییە .

جا لە بەڵگەکانی شەرع : ئەو هەواڵەیە کە خوای پاك و بێ عەیب بۆمان باس دەکات سەبارەت بە پەشیمان بوونەوەی ستەمکار و زاڵم لە ڕۆژی قیامەتدا لە سەر هاوڕێیەتی کردنی لە گەڵ کەسانێکی گومڕا و لادەر لە ڕێگای ڕاست کە بوونەتە هۆکاری گومڕا بوونی، خوای پایە بەرز دەفەرموێت : ﴿وَيَوْمَ يَعَضُّ ٱلظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيْهِ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِى ٱتَّخَذْتُ مَعَ ٱلرَّسُولِ سَبِيلًا ﴿٢٧﴾ يَٰوَيْلَتَىٰ لَيْتَنِى لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا ﴿٢٨﴾ لَّقَدْ أَضَلَّنِى عَنِ ٱلذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَآءَنِى ۗ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِلْإِنسَٰنِ خَذُولًا ﴿٢٩﴾﴾ [سورة الفرقان] .

واتە : لە ڕۆژی قیامەتدا ستەمکار و زاڵم لە پەشیمانیدا قەپ دەکات بە هەردوو دەستیدا و دەڵێت : خۆزگا ڕێگا و ڕێبازی پێغەمبەرم (ﷺ) بگرتبایەتە بەر ، وە نەمان بۆ خۆم خۆزگایە فلانە کەسم نەکردایە بە هاوڕێی خۆم چونکە ئەو گومڕای کردم و ڕێگای یادکردنی خوای لە بیر بردمەوە دوای ئەوەی کە هات بۆ لام و بوو بە هاوڕێم ، وە شەیتان بەردەوام مرۆڤ لە خشتە دەبات و دەیخلسکێنێت .

ئیمامی (ابن جرير الطبري)[1] لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی :

---

[1] تفسير الطبري : (١٩ / ٧) .

(لە ڕۆژی قیامەتدا ستەمکار و هاوبەش پەیداکەر لە پەشیمانیدا قەپ دەکات بە هەردوو دەستی خۆیدا لە سەر ئەو کەمتەرخەمی‌یەی کە کردوویەتی دەرحەق بە خوا ، و خۆی لە ناو بردووە و فەوتاندوویەتی بە کوفر کردن لە پێناو گوێڕایەڵی کردنی هاوڕێ و برادەرەکەیدا کە ڕێگری لێ دەکرد لە سەر ڕێگای ڕاستی خوا ، وە دەڵێت : خۆزگایە لە دونیادا ڕێگای پێغەمبەرم (ﷺ) بگرتبایەتە بەر .. واتە : ڕێگای ڕزگاری لە سزای خوا).

وە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ لَّقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءَنِي ﴾ هەواڵی پەشیمانی ئەو کەسەمان بۆ باس دەکات لە سەر ئەوەی کە پێشتر لە دونیادا کردوویەتی لە تاوان کردن دەرحەق بە خوا لە پێناو گوێڕایەڵی کردنی هاوڕێکەی : واتە : (گومڕای کردم و لای دام لە ڕێگای ئیمان و قورئان دوای ئەوەی کە هات بۆلام و بوو بە هاوڕێم و ڕێگری لێ کردم لە سەر ڕێگای خوا)[٢].

هەروەها خوای پاك و پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ الْأَخِلَّاءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ ﴿٦٧﴾ ﴾ [سورة الزخرف] .

واتە : برادەران لە ڕۆژی قیامەتدا هەندێکیان دوژمنی هەندێکیانن تەنها کەسانی لە خوا ترس و خۆپارێزەر لە تاوان نەبێت .

جا برادەران و هاوەڵان لە سەر غەیری گوێڕایەڵی بۆ خوا هەندێکیان دوژمنی هەندێکیانن لە ڕۆژی قیامەتدا ، وە سەرچاوە و هۆکاری ئەم دوژمنایەتی یە بریتی یە لەوەی کە هەندێکیان یارمەتیدەری هەندێکی تریان بووە لە سەر ناحەقی ، و بانگەواز کاری بووە بۆ لاڕێبوون و گومڕایی .

بەڵام برادەرە لە خوا ترسەکان ئەوانەی کە خۆیان دەپارێزن لە تاوان ئەوا خۆشەویستی هەندێکیان بۆ هەندێکی تریان لە ڕۆژی دوایدا بەهێز ترە لە خۆشەویستی دونیا ، ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە هەندێکیان یارمەتیدەری هەندێکی تریان بوون بۆ کاری خێر و چاکە ، وە هاندەری یەکتر بوون بۆ گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) ، وە یەکتریان ووریا و ئاگادار دەکردەوە لە خراپە و خراپەکاری .

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((إنَّما مَثَلُ الـجَليس الصالـح والـجليس السوء : كحامل الـمسك ونـافخ الكـير ، فحامـلُ الـمسك إمَّا أنْ يُـحْذِيَكَ ، وإمَّا أنْ تَبْتاعَ منه ، وإمَّا أنْ تَجِدَ منهُ رِيـحاً طَيِّبةً ، ونافِخُ الكِير* إمَّا أنْ يُحرِقَ ثيابَكَ ، وإمَّا أنْ تَجِدَ منـه رِيـحاً خَبيثةً))[٣].

واتە : نموونەی هاومەجلیسی چاك و هاومەجلیسی خراپ : وەکو هەڵگری بۆنی میسك (واتە بۆن فرۆش) و فۆکار بە کوورەدا (واتە ئاسنگەر) وایە ، جا هەڵگری بۆنی میسك یان لەو بۆنەت پێدەبەخشێت یان لێی دەکڕیت یان بۆنی خۆشی لێدەبینیت و هەڵیدەمژیت ، بەڵام فۆکار بە کوورەدا یان جلەکانت دەسوتێنێت یان بۆنی پیسی لێدەبینیت و هەڵیدەمژیت .

پێغەمبەر (ﷺ) ـ لەم فەرموودەیەدا ـ ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە هاومەجلیس و برادەر کاریگەری هەیە لە سەر هاومەجلیس و برادەرەکەی بە خراپە یان بە چاکە ، بە پێی چاکێتی و گەندەڵێتی ئەو کەسە ، دەبینیت هاوڕێی چاکی شوبهاندووە بە هەڵگری

---

[٢] ئیمامی (السيوطي) لە تەفسیرەکەیدا (٦ / ٢٥٠) لە (ابن عباس) ەوە (أثـر)ێك دەگێڕێتەوە و (سند)ەکەشی بە (صـحيح) داناوە ، ئەمەش لە ڕوونکردنەوەی هۆی دابەزینی ئەم ئایەتەدا ، کە بە هۆی (عقبة بن أبي معيط)ەوە دابەزیوە لە کاتێکدا کە موسوڵمان بوو ئەنجا هەڵگەڕایەوە و وازی لە ئیسلام هێنا لە بەر خاتری هاوڕێیەکی کافر و بێباوەڕی کە لەو کاتەدا لە شام بوو ، ئەنجا کە برادەرەکەی گەڕایەوە و ئامادە بوو توڕە بوو لە (عقبة) ، جا ئەویش کوفری کرد و هەڵگەڕایەوە لە ئیسلام لە بەر خاتری ئەو هاوڕێ کافر و مل هوڕەی.

بەڵام لە گەڵ ئەمەشدا لە (علم الأصول)دا ئەوە سەلمێنراوە : (إنَّ العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب) واتە : عیبرەت بە گشتێتی لەفزی ئایەتەکەیە نەك بە تایبەتمەندێتی هۆکاری دابەزینەکەی .

بۆیە ئیمامی (ابن كثير) فەرموویەتی : (جا چ ئەم ئایەتە هۆی دابەزینی (عقبة بن أبي معيط) بێت یان غەیری ئەو لە بەد بەخت و خەسارۆمەندان : ئەوا گشتی‌یە بۆ هەموو ستەمکار و زاڵمان) تفسير ابن كثير : (٦ / ١١٦) .

* (الكِير : وهو زق أو جلد غليظ يُنفخ به النار) عمدة القاري : (٩ / ٣٠٨) .

واتە : بریتی‌یە لە پێستێکی ئەستوور لە ڕێگەیەوە فوو دەکرێت بە ئاگردا .

[٣] صحيح البخاري رقم : (٢١٠١) و (٥٥٣٤) وصحيح مسلم رقم : (٢٦٢٨) من حديث أبـي موسى ، واللفظ الـمذكور لـمسلم .

بۆنی میسك (واتە بۆن فرۆش) چونكە ئەگەر تۆ لە گەڵیدا دانیشتیت و هاوڕێیەتییت كرد ئەوا بێ گومان لەوەوە یەكێك لەم سێ شتەت دەست دەكەوێت :

یان لەو بۆنەت پێدەبەخشێت ، یان لێی دەكڕیت ،

یان بە لایەنی كەمەوە بۆنی خۆشی لێدەبینیت كە كاریگەری هەیە بۆ سەر دەروون و لاشە و جلەكانت ، هەروەها هاومەجلیس و برادەری چاك بێ گومان سوودی لێدەبینیت و سوودمەند دەبیت بە دانیشتن لە گەڵیدا ، وەك چۆن دوای كەمێكی تر باسی سوودەكانی دانیشتن و هاوڕێیەتی كردنی چاكەكاران و خێرخوازان دەكەم .

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) هاومەجلیسی خراپی شوبهاندووە بە فوكار بە كوورەدا ، ئەمە یان بڵێسەی ئاگرەكەی بەرز و بڵاو دەبێتەوە و دێت بە سەرتا و جلەكانت دەسوتێنێت ، یان بە لایەنی كەمەوە بۆنی پیسی لێدەبینیت كە بەر لاشە و جلەكەت دەكەوێت ، هەروەها هاوڕێی خراپ بێ گومان زەرەرمەند دەبیت بە دانیشتن لە گەڵیدا ، وەك چۆن بە ووردی باسەكەی دێت .

(النووي) ڕەحمەتی خوای لێبێت سەبارەت بەم فەرموودەیە فەرموویەتی : (فيه مُجالسة الصالحين وأهل الخير والمروءة ومَكارم الأخلاق والورع والعلم والأدب ، والنهي عن مُجالسة أهل الشَّرِّ وأهل البدع ومن يغتاب الناس أو يكثر فجره وبطالته ونحو ذلك من الأنواع المذمومة)[٤].

واتە : ئەم فەرموودەیە ئەوەی تێدایە كە : هاوڕێیەتی كردن و دانیشتن لە گەڵ پیاوچاكان و خێرخوازان و كەسانی خاوەن كەسایەتی و پیاوەتی و ڕەوشت پیرۆز و خۆپارێز لەوەی كە ترسی قیامەتی لە سەرە و خاوەن زانست و بە ئەدەب كارێكی فەرمان پێكراوە ، هەروەها قەدەغەكردنی هاوڕێیەتی كردن و دانیشتنی تێدایە لە گەڵ خراپەكاران و بیدعەچیەكان و ئەوانەی كە غەیبەتی خەڵك دەكەن یان ئەوانەی كە تاوان زۆر دەكەن و بێ كارن و هاوشێوەی ئەمانە لە جۆرە زەمكراوەكان .

وە (ابن حجر)یش ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (وفي الحديث النهي عن مُجالسة من يتأذَّى بمُجالسته في الدين والدنيا ، والترغيب في مُجالسة من ينتفع بمُجالسته فيهما)[٥].

واتە : ئەم فەرموودەیە قەدەغەكردنی هاوڕێیەتی كردن و دانیشتنی تێدایە لە گەڵ ئەو كەسەی كە زەرەرمەند دەبیت و ئازار دەبینیت لە دانیشتن لە گەڵیدا لە بواری دین و دونیادا ، وە هاندانی تێدایە بۆ هاوڕێیەتی كردن و دانیشتن لە گەڵ ئەو كەسەی كە سوود دەبینیت لە دانیشتن لە گەڵیدا لە هەردوو بوارەكەدا .

وە (السعدي)یش ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :

(پێغەمبەر (ﷺ) دوو نموونەی هێناوەتەوە و ئەوەی ڕوون كردووتەوە كەوا هاوڕێ و برادەری چاك تۆ لە هەموو حاڵەتێكدا لە گەڵی لە دەسكەوت و خێردا دەبیت ، وەك هەڵگری بۆنی میسك كە سوود دەبنیت لەو میسكەی كە پێیەتی ، یان بە پێبەخشین یان بە بەرامبەر ، وە كەمترینی ئەمانە ماوەی دانیشتنتە لە گەڵیدا كە تۆ دەرونت ئاسودە دەبێت بە بۆنی میسكەكە ، جا ئەو خێرەی كە تووشی بەندە دەبێت لە هاوڕێ و برادەری چاكەوە بەهێزتر و چاكترە لە میسكی زۆر چاك ، چونكە یان ئەوەت فێردەكات كە سوودی لێدەبینیت بۆ دین و دونیات ، یان ئامۆژگارییەكت پێشكەش دەكات ، یان وریا و ئاگادارت دەكاتەوە لە مانەوە لە سەر ئەوەی زیان و زەرەرت پێدەگەیەنێت ، هاوڕێ و برادەری چاك هانت دەدات بۆ گوێڕایەڵی خوای گەورە و چاكەكاری لە گەڵ باوك و دایك و گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی ، وە بەرچاوت ڕۆشن دەكاتەوە و كەموكوڕیەكانی خۆتت پیشان دەدات ، وە بانگەوازت دەكات بۆ ڕەوشتە پیرۆز و باشەكان بە گوفتار و كردار و حاڵ و ئاكاری ، چونكە مرۆڤ ڕاهێنراوە لە سەر چاولێكردنی هاوڕێ و ئەو كەسەی كە لە گەڵیدا دادەنیشێت ، تەبیعەت و دەروونەكان هۆگری یەكترن ، هەندێكیان ئەوی تریان دەبات بەرەو خێر یان بەرەو دژەكەی ، وە كەمترین شتێك سوودی لێببینیت لە هاوڕێ و برادەری چاك ـ كە سوودێكە سوكایەتی پێناكرێت ـ ئەوەیە كە بە هۆیەوە خۆت دەگریتەوە لە خراپەكاری و تاوانەكان ، لە بەر ئاگابوون لە خاتری برادەرێتی ، وە لە بەر پێشبڕكێ كردن لە

---

[٤] شرح صحيح مسلم : (١٦ / ١٧٨) .

[٥] فتح الباري : (٤ / ٣٢٤) .

كاری خێر و چاكەدا ، وە بۆ خۆبەرز ڕاگرتن لە خراپە و خراپـەكاری ، وە بـۆ ئـەوەی پارێزگاریـت لێبكـات لـە كـاتی ئامادەبوونـت و نادیاریتدا ، وە بۆ ئەوەی سوودمەند ببێت بە خۆشەویستی و دوعای خێری بۆت لە كاتی ژیانتدا و لە دوای مردنیشت ، وە بۆ ئەوەی بـەرگیریت لێبكـات بـە هـۆی پەیوەنـدی پـێ كـردن و خۆشەویـستیەوە بـۆت ، كـە ئەمانـە شـتانێكن خـۆت ناتوانیـت ڕاسـتەوخۆ بەرپەرچیان بدەیتەوە ، هەروەها هاوڕێ و برادەری چاك هەندێك جار دەتگەیەنێت بە كەسانێك و كارانێكـەوە كـە پەیوەنـدی كردنـت پێیانەوە سوودت پێدەگەیەنێت ...) تا كۆتایی ووتەكەی ڕەحمەتی خوای پایەبەرزی لێبێت[٦].

وە لەم دێڕانەی كە دێن هەندێك بە ووردی باسی هاوڕێ و برادەر و كاریگەریی بە خراپە یان بە چاكە دەكەم ، باسی هەندێك لەو بەرهەمانە دەكەم كە دەستت دەكەوێت لە هاوڕێ و برادەری چاكەوە ، وە باسی ئەوەش دەكەم كـە هـاوەڵ و بـرادەری چـاك چـەند كاریگەری خێر و باشی هەیە بە سەر مرۆڤەوە لە دونیا و دوارۆژدا ، وە لە پاش ئەمەشدا باسـی فـەزڵ و گـەورەیی خۆشەویـستی لـە بەر خوا و كاریگەرییەكەی دەكەم ، ئەنجا باسی هەندێك لە بەرهەمـەكانی مەجلیسگێڕان و دانیـشتن لـە گـەڵ كەسـانی خراپـەكار و گەندەڵكاراندا دەكـەم ، وە باسـی ئـەوەش دەكـەم كـە مەجلیسگێڕان و دانیـشتن لـە گـەڵ ئـەم كەسـانەدا چـەند زیـان و زەرەری لێدەكەوێتەوە و مرۆڤ بەرەو تیاچوون دەبات ، ئەنجا كۆتایی ئەم لێكۆڵینەوەیە دێنم بە باسی هەندێك لەو وتانەی كە لـە پێـشینەوە گێڕدراونەتەوە بۆمان سەبارەت بە هاندان بۆ هەڵبژاردنی هاوەڵ و برادەری چاك ،

وە گومانی تێدا نیـیە كـەوا خـەڵك لـە نێـوان خۆیانـدا جیـاوازن ، هەنـدێكیان كلیلـی خێـر و چـاكەیە و ڕێنماییكـارە بـۆی ، وە هەندێكیان كلیلی خراپەیە و دەیهێنێتە ڕێی ، وەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((إنَّ من الناس مفاتيح للخير مغاليق للشر ، وإنَّ من الناس مفاتيح للشر مغاليق للخير ، فطوبَى لـمَنْ جعل الله مفاتيح الـخير على يديه ، ووَيْلٌ لـمن جعل الله مفاتيح الشر على يديه))[٧].

واتە : بەڕاستی لە نێو خەڵكدا كەسانێك هەن كلیلی كردنەوەی خێر و چاكەن و داخەری خراپەن ، وە بەڕاسـتی لـە نێـو خەڵكدا كەسانێك هەن كلیلی كردنەوەی خراپەن و داخەری خێر و چاكەن ، جا خۆشبەختی بۆ ئەو كەسەی كە خوا كلیلی كردنـەوەی خێـر و چاكە دەخاتە سەر دەستی ، وە وەیل و تیاچوون بۆ ئەو كەسەی كە خوا كلیلی كردنەوەی خراپە دەخاتە سەر دەستی .

بەرهەمەكانی مەجلیسگێڕان و دانیشتن و هاوڕێیەتی كردن لە گەڵ چاكەكاراندا

ئەو خێر و بەرهەمانەی كە لە مەجلیسگێڕان و دانیشتن لە گەڵ كەسانی خێركار و هاوڕێیەتی كردنی برادەری چـاكەكار دەسـتت دەكەون زۆرن ، ژماردن و كۆكردنەوەیان نارەحەتە ، وە ئەوە بەسە بۆ من كە لەم جێگایەدا هەندێكیان باس بكەم :

١ ـ لەوانە : بەڕاستی ئەو كەسەی كە دادەنیـشێت و هاوڕێیـەتی چاكەكاران دەكـات بەرەكـەت و خێـر و فـەڕی مەجلیـسەكەیان دەیگرێتەوە ، وە ئەو خێرە كە دەستی ئەوان دەكەوێت ئەویش دەگرێتەوە ئەگەر چی كردەوەی ئەو كەسەش نەگاتە ئاسـتی ئـەوان ، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەم فەرموودەیە :

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال : قال رسول الله (ﷺ) : ((إنَّ لله ملائكة يطوفون في الطرق يلتمسون أهل الذكر ، فإذا وجدوا قوماً يذكرون الله تنادوا : هلموا إلى حاجتكم ، فيحفونـهم بأجنحتهم إلى السماء الدنيا ، قال : فيسألـهم ربـهم ـ وهو أعلم بـهم ـ ما يقـول عبادي ؟ قال : تقول [يعنـي الـملائكة] : يُسَبِّحونكَ ويُكبِّرونكَ ويَحمَدونكَ ويُـمَجِّدونكَ ، قال : فيقول : هل رأونـي ؟ قـال : فيقولون : لا والله يا رب ما رأوك ، قال : فيقول : فكيف لو رأونـي ؟ قال : يقولون : لو رأوك كانوا أشدّ لك عبادة وأشد لك تـمجيداً وأكثر لك تسبيحاً ، قال : فيقول : فما يسألونـي ؟ قال : يقولون : يسألونك الجنَّة ، قال : فيقول : وهل رأوها ؟ قال : يقولون : لا والله يا رب ما رأوها ، قال : فيقول : فكيف لو رأوها ؟ قال : يقولون : لو أنَّهم رأوها كانوا أشدّ عليها حرصاً وأشدّ لـها طلباً وأعظم فيهـا

---

[٦] بـهجة قلوب الأبرار ـ الـحديث الثامن والستون .

[٧] سنن ابن ماجه رقم: (٢٣٧) ، وحسنَّهُ الألبانـي في صحيح سنن ابن ماجه : (٤٦/١) .

رغبةً ، قال : فمِمَّ يتعوذون ؟ قال : يتعوذون من النار ، قال : فيقول : وهل رأوها ؟ قال : يقولون : لا والله ما رأوها ، قال : فيقول : فكيف لو رأوها ؟ قال : يقولون : لو رأوها كانوا أشدّ منها فِراراً وأشدّ لها مَخافة ، قال : فيقول : أُشْهِدُكم أنّي قد غفرتُ لهم ، قال : يقول : مَلَكٌ من الملائكة : **فيهم فلان ليس منهم إنَّما جاء لحاجة))** ..

وفي لفظ : ((**فيهم فلان عبد خَطّاء إنَّما مَرَّ فجلس معهم** ، قال : فيقول : **هم الجلساء لا يشقى بهم جليسهم))** ..

وفي لفظ : ((**وله غفرتُ ، هم القوم لا يشقى بهم جليسهم))**[٨] .

واتە : خوای گەورە هەندێك فریشتەی هەیە بە ڕێگاوبانەكاندا دەسوڕێنەوە و بە دوای مەجلیس و كۆڕی زیكرخوێنەكاندا دەگەڕێن ، جا ئەگەر خەڵكانێكیان دۆزیەوە كە زیكر و یادی خوا دەكەن بانگی یەكتر دەكەن :

وەرن بۆ لای پێویسیەكەتان ـ ئەوەی كە بە دوایدا دەگەڕێن ـ ، ئەوانیش دەوریان لێدەگرن بە باڵەكانیان تاوەكو ئاسمانی دونیا ..

پەروردگاریان پرسیاریان لێ دەكات ـ لە كاتێكدا كە ئەو زانایە بە حاڵیان ـ ئایا بەندەكانم چیان دەوت ؟

فریشتەكانیش دەڵێن : خوایە تۆیان پاك ڕادەگرت لە كەم و كوڕی و تۆیان بە گەورە دادەنا و سوپاس و ستایشی تۆیان دەكرد و تۆیان بەرز ڕادەگرت ..

خوای گەورە دەفەرموێت : ئایا منیان بینیوە ؟

فریشتەكانیش دەڵێن : نەخێر سوێند بە خوا ئەی پەروەردگار تۆیان نەبینیوە ..

خوای گەورە دەفەرموێت : ئایا چۆن دەبوو ئەگەر منیان ببینایە ؟

فریشتەكانیش دەڵێن : ئەگەر تۆیان ببینایە ئەوا زیاتر تۆیان دەپەرست و زیاتر تۆیان بەرز ڕادەگرت و زیاتر تۆیان پاك ڕادەگرت لە كەم و كوڕی ..

خوای گەورە دەفەرموێت : ئایا داوای چیان دەكرد ؟

فریشتەكانیش دەڵێن : داوای بەهەشت دەكەن ..

خوای گەورە دەفەرموێت : ئایا بەهەشتیان بینیوە ؟

فریشتەكانیش دەڵێن : نەخێر سوێند بە خوا ئەی پەروەردگار بەهەشتیان نەبینیوە ..

خوای گەورە دەفەرموێت : ئایا چۆن دەبوو ئەگەر بەهەشتیان ببینایە ؟

فریشتەكانیش دەڵێن : ئەگەر بەهەشتیان ببینایە ئەوا زیاتر سور دەبوون لە سەر بەدەست خستنی و زیاتر بە دوایدا دەگەڕان و زیاتر حەزیان لێدەكرد ..

خوای گەورە دەفەرموێت : ئایا پەنایان لە چی دەگرت ؟

فریشتەكانیش دەڵێن : پەنایان دەگرت لە ئاگری دۆزەخ ..

خوای گەورە دەفەرموێت : ئایا ئاگری دۆزەخیان بینیوە ؟

فریشتەكانیش دەڵێن : نەخێر سوێند بە خوا ئەی پەروەردگار ئاگری دۆزەخیان نەبینیوە ..

خوای گەورە دەفەرموێت : ئایا چۆن دەبوو ئەگەر ئاگری دۆزەخیان ببینایە ؟

فریشتەكانیش دەڵێن : ئەگەر ئاگری دۆزەخیان ببینایە ئەوا زیاتر ڕایان لێدەكرد و خۆیان لێ دوور دەخستەوە و زیاتر لێی دەترسان ..

خوای گەورە دەفەرموێت : ئێوە دەكەم بە شایەت لە سەر ئەوەی كە من لێیان خۆش بووم .

---

[٨] صحيح البخاري رقم : (٦٤٠٨) وصحيح مسلم رقم : (٢٦٨٩) .

فریشتەیەك لە فریشتەکان دەڵێت : فڵانە کەسیان تێدایە لەو کەسانە نیە کەوا زیکریان دەکرد بەڵکو بۆ کارێکی پێویست هاتبوو ..

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : فڵانە کەسیان تێدایە بەندەیەکی تاوانبارە و هەڵەی زۆرە بەڵام بە لایاندا تێپەڕ بووە و ئەویش لە گەڵیاندا دانیشتووە .

خوای گەورە دەفەرموێت : ئەوانەی مەجلیسی زیکر دەگێڕن کەسانێکن ئەو کەسەی لە گەڵیاندا دابنیشێت بەد بەخت نابێت .

وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە :

خوای گەورە دەفەرموێت : لەویش خۆشبووم ، ئەوانە خەڵکانێکن ئەو کەسەی لە گەڵیاندا دابنیشێت بەد بەخت نابێت .

* (أبو الفضل الــجوهري) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (بەڕاستی هەرکەسێك ئەهلی خێر و چاکەکارانی خۆشبوێت ئەوا لە بەرەکەت و خێر و فەڕی ئەوانی بەر دەکەوێت ، سەگێك کەسانێکی خاوەن چاکەی خۆشویست و هاوڕێیەتی کردن ، بە هۆی ئەوەوە خوا لە قورئاندا باسی کردووە) .

مەبەستی بەو سەگە سەگەکەی هاوەڵانی ئەشکەوتەکەیە (أصحاب الكهــف) کە لەم ئایەتەدا باس کراوە : ﴿وَكَلْبُهُم بَاسِطٌ ذِرَاعَيْهِ بِالْوَصِيدِ ﴿١٨﴾﴾ [سورة الكهف] .

واتە : سەگەکەیان هەردوو دەستی ڕاخستبوو لە پاڵ دەرگای ئەشکەوتەکەدا .

* (القرطبــي) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە تەفسیرەکەیدا لە دوای هێنانەوەی وتەکەی (الــجوهري)دا فەرموویەتی : (دەڵێم : ئەگەر هەندێك سەگ ئەم پلە بەرزەی دەست کەوتبێت بە هۆی هاوڕێیەتی کردن و تێکڵاوی کردنی چاکەکاران و دۆست و ئەولیاکانی خواوە ، تا ئەو ئاستەی کە خوا لە کتێبەکەیدا ئەو هەواڵەی باس کردووە ، ئایا گومانت چۆنە بەو ئیمانداره تەنها خواپەرستانەی کە تێکەڵاوی دۆست و ئەولیاکانی خوا و چاکەکاران دەکەن و خۆشیان دەوێن)[٩] .

* (الراغب الأصفهانــي) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (هەندێك لە دانایان وتویانە : هەر کەسێك لە گەڵ چاکەکارێکدا دانیشێت ئەوا بەرکەت و فەڕی ئەوی بەر دەکەوێت ، هاومەجلیسی دۆستانی خوا بەد بەخت نابێت ئەگەر چی سەگێکیش بێت وەك سەگەکەی هاوەڵانی ئەشکەوتەکە)[١٠] .

٢ ـ وە لەو بەرهەمانە : بەڕاستی مرۆڤ ڕاهاتووە لە سەر چاولێکردنی هاومەجلیس و هاوڕێکەی و کاریگەر دەبێت بە زانست و کردەوە و ئاکار و ڕەوشت و بەرنامەکەیەوە ، جا ئەو کەسەی هاومەجلیسی چاکەکاران بێت کاریگەر دەبێت پێیانەوە ، وە ئەوە جێگیربووە لای زانایانی پەروەردە کەوا کارتێکردن لە ڕێگای چاولێکردنەوە بەهێزترە لە کارتێکردن بە گوفتار و ئامۆژگاری کردنەوە ، لە بەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((الــمَرْءُ على دين خليله ، فلْينظُرْ أحدُكم مَنْ يُخالِــلْ ؟))[١١] .

واتە : مرۆڤ لە سەر دینی خۆشەویستەکەیەتی ، جا با یەکێك لە ئێوە بڕوانێت بۆ ئەوەی بزانێت کێی خۆش دەوێت ؟

پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کەوا مرۆڤ هاوشێوە و هاووێنەی برادەر و هاومەجلیسەکەیەتی لە گرتنەبەری ڕێگای ڕاست و بەردەوام بوون لەسەری و کارچاکێتی و بە هەمان شێوەش لە نەبوونی ئەمانەدا ، لە بەر ئەمە بە مەبەستی هاندان بۆ هەڵبژاردنی هاومەجلیس فەرموویەتی : ((جا با یەکێك لە ئێوە بڕوانێت بۆ ئەوەی بزانێت برادەرێتی کێ دەکات)) ، واتە : با وورد ببێتەوە بۆ ئەوەی بۆی ڕوون ببێتەوە ئایا کێ برادەریەتی ؟ وە بۆ ئەوەی برادەر و هاوڕێی لێ ڕازیبوو لە دین و ئەخلاق و ڕەوشتیدا هەڵبژێرێت .

---

[٩] الــجامع لأحكام القرآن : (١٠ / ٣٧٢) في تفسير سورة الكهف .

[١٠] الذريعة إلى مكارم الشريعة ص : (١٩٢) .

[١١] رواه أبو داود : (٥ / ١٦٨) والترمذي (٤ / ٥٨٩ ــ ح ٢٣٧٨) وأحمد : (٢ / ٣٠٣) والبغوي في شرح السنة : (١٣ / ٧٠) وحسنهُ الترمذي والبغــوي والألبانـــي في الصحيحة رقم : (٩٢٧) ، وحسنهُ العلائي في كتاب النقد الصحيح رقم : (١١) وصحح إسناده النووي في رياض الصالحين رقم : (٣٧١) .

قال الـــخطابـــي : (قوله :"الـــمَرْءُ على دين خليله" معناهُ : لا تُخالِلْ إلاَّ مَنْ رضيت دينه وأمانته ، فإنَّك إذا خاللتهُ قادكَ إلـــى دينه ومذهبه ، فلا تُغرِّرْ بدينك ، ولا تُخاطر بنفسك ، فتخالِل من ليس مَرضياً فـــي دينه ومذهبه)[١٢] .

واتە : مانای " مرۆڤ لە سەر دینی برادەرەکەیەتی" ئەوەیە : برادەرێتی کەس مەکە تەنها کەسێك نەبێت کە ڕازیت لە دین و ئەمانەتی ، چونکە ئەگەر تۆ برادەرێتیت کرد ئەوا دەتبات و ڕاتدەکێشێت بۆ لای دین و بۆچوونەکەی خۆی ، کەواتە دینەکەت مەخەرە حاڵەتێکەوە کە تێیدا هەڵبخەڵەتێت ، و خۆت مەخەرە مەترسییەوە بەوەی کە برادەرێتی و هاوڕێیەتی کەسێك بکەیت کە لە دین و بۆچوونیدا جێی لێڕازیبوون نەبێت .

* **وە** (سفيان بن عيينة) **ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی** : (انظروا إلـــى فرعون معه هامان ! انظروا إلـــى الـــحجاج معه يزيد بن أبي مسلم شرّ منه ! انظروا إلـــى سليمان بن عبد الـــملك صَحِبَهُ رجاء بن حيوة فقوَّمه وسدَّده)[١٣] .

واتە : بڕوانن بۆ فیرعەون هامانی لە گەڵدایە ! بڕوانن بۆ حەججاج

یەزیدی کوڕی موسلیمی لە گەڵدایە کە لە خۆی خراپترە ! بڕوانن بۆ سولەیمانی کوڕی عبد الـــملك **ڕەجائی کوڕی حەیوە هاوڕێیەتی کردووە کە بووە هۆی ڕێك کردنەوە و ڕاستکردنەوەی .**

* **وە** (ابن مسعود τ) **فەرموویەتی** : (ما مِنْ شيءٍ أدلَّ على شيءٍ ولا الدخان على النار من الصاحب على الصاحب)[١٤] .

واتە : هیچ شتێك نی‌یە بەڵگە بێت لە سەر شتێك و دووکەڵ بەڵگە بێت لە سەر بوونی ئاگر وەك هاوڕێ بۆ ناساندنی هاوڕێ .

* **هەروەها** (ابن مسعود ﷺ) **فەرموویەتی** : (اعتبروا الناس بأخدانهم [أي أصدقائهم] ، فإنَّ الرجل يُخادِنُ من يُعجبهُ نحوه)[١٥] .

واتە : خەڵك بپێون بە برادەرەکانیان ، چونکە پیاو برادەرێتی کەسێك دەکات کەوا پێی سەرسام بێت .

* **وە ئیمامی** (مالك) **ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی** : (الناس أشكالٌ كأشكالِ الطير ، الـــحَمام مع الـــحمام ، والغُراب مـــع الغُراب ، والبَطُّ مع البطِّ ، والصَّعْو مع الصَّعْو ، وكلُّ إنسانٍ مع شكلهِ)[١٦].

واتە : خەڵك هەمەجۆرن وەك هەمەجۆرێتی باڵندە ، کۆتر لە گەڵ کۆتردایە ، و قەلەڕەش لە گەڵ قەلەڕەشدایە ، و سۆنە لە گەڵ سۆنەدایە ، و چۆلەکە لە گەڵ چۆلەکەدایە ، و هەموو مرۆڤێکیش لە گەڵ هاوشێوەکەی خۆیدایە .

وە پێشەوا (ابن تيمية)**ش ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی** : (الناس كأسراب القطا مـــجبولون على تشبه بعضهم ببعض)[١٧].

واتە : خەڵك وەکو پۆلە کورکوڕ وان ڕاهێنراون لە سەر خۆشوبهاندنی هەندێکیان بە هەندێکی تریانەوە .

* **وە هەندێك لە دانایان وتویانە** : (اعرِفْ أخاك بأخيهِ قبلك)[١٨].

واتە : برادەرەکەت بناسەوە بە برادەرەکەی لە پێش تۆ .

واتە بەڕاستی ئەو برادەرە لە سەر بۆچوون و ڕێبازی برادەرەکەیەتی کە هاومەجلیسی بووە پێش ئەوەی ببێتە هاومەجلیس لە گەڵ تۆدا .

* **وە** (ابن حبان) **ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی** : (مِنْ أعظم الدلائل على معرفة ما فيه الـــمرء من تقلّبه وسكونه هو الاعتبار بِمَنْ يُحادثه ويودّه ، لأنَّ الـــمرء على دين خليله ، وطَيرُ السماء على أشكالـــها تقع)[١٩].

---

[١٢] كتاب العزلة ص : (١٤١) .

[١٣] كتاب العزلة ص : (١٤١) .

[١٤] أدب الدنيا والدين للماوردي ص : (١٦٧) .

[١٥] كتاب الإخوان لابن أبي الدنيا ص : (١٢٠) .

[١٦] روضة العقلاء لابن حبان ص : (١٠٩) .

[١٧] مجموع الفتاوى : (٢٨ / ١٥٠) .

[١٨] أدب الدنيا والدين ص : (١٦٧) .

[١٩] روضة العقلاء ص : (١٠٨) .

واتە : لە گەورەترین بەڵگەکان لە سەر ناسینەوەی ئەوەی کە لە مرۆڤدا هەیە لە گۆڕانکاری و دامەزراوێتی بریتیە لە پێوەری هەڵسەنگاندنی بەو کەسەی کە گفتۆگۆی لە گەڵدا دەکات و دۆستایەتی لە گەڵدا هەیە ، چونکە مرۆڤ لە سەر دینی برادەرەکەیەتی ، وە باڵندەکانی ئاسمان لە سەر شێوەی خۆیان پێك دێن و دەبن .

* **وە** (عدي بن زيد) **ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :**

(عن الــمرء لا تسألْ وسَلْ عن قرينهِ
فكُـــلُّ قرينٍ بالــمُقــارَنِ يقــتدي
إذا كنتَ فــي قومٍ فصاحِبْ خِيارَهم
ولا تَصحَبْ الأردَى فتردَى مع الردي)[٢٠].

واتە : پرسیار مەکە دەربارەی مرۆڤ بەڵکو دەربارەی هاوڕێ و برادەرەکەی پرسیار بکە .. چونکە هەموو برادەرێك چاو لە برادەرەکەی دەکات ، ئەگەر تۆ لە نێو خەڵکانێکدا بوویت ئەوا هاوڕێیەتی چاکترینەکەیان بکە .. وە هاوڕێیەتی خراپەکەیان مەکە چونکە لە گەڵ خراپەکەیاندا دەکەوێتە خوارەوە .

* **وە** (الــمنتصر بن بلال) **ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :**

(يزينُ الفتى فــي قومهِ ويُشينُهُ
وفــي غيرهم : أحدانُهُ ومداخلهُ
لكل امريءٍ شَكْلٌ من الناس مِثْلُهُ
وكُلُّ امريءٍ يَهوى إلى مَنْ يُشاكلهُ)[٢١].

واتە : ئەوەی لاو بڕازێنێتەوە و لەکەداری بکات لە نێو قەومەکەی و لە نێو جگە لەوانیشدا بریتیە لە برادەرەکانی و ئەوانەی کە لە گەڵیاندا هەڵسوکەوت دەکات ..

هەموو مرۆڤێك هاووێنەی خۆی هەیە لە نێو خەڵکدا ، وە هەموو مرۆڤێك حەزی لەو کەسەیە کە لە خۆی دەچێت .

* **وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی :** ((الأرواح جنودٌ مُجندة ، فما تعارف منها ائتلف ، وما تناكر منها اختلف))[٢٢].

واتە : ڕۆحەکان هەریەك لە سەر ئەو ڕەوشتە دروست کراون کە لە سەری ڕاهێنراون ، جا ئەوانەیان یەکتر دەناسن و ئاشنان بە یەکتر یەك دەگرن ، وە ئەوانەیان یەکتر ناناسن و نامۆن بە یەکتر جیاواز دەبن .

(يقول ρ : إنَّ الأجسادَ التي فيها الأراوح تلتقي في الدنيا ، فتأتلف وتختلف على حسب ما جُعلت عليه من التشاكُل أو التنافر في بــدء الــخِلقة ، ولذلك ترى البرَّ الــخَيِّر يحب شكله ، ويَحِنُّ إلى تِرْبِهِ ، وينفر عن ضدِّهِ ، وكذلك الرَّهِق الفاجر يألف شكله ، ويستحسن فعله وينحرف عن ضدِّهِ)[٢٣].

واتە : پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : بەڕاستی ئەو لاشانەی کە ڕۆحیان تێدایە لە دونیادا بە یەك دەگەن ، ئەنجا یەکدەگرن و جیاواز دەبن بە پێی ئەوەی کە تێیاندا هەیە لە هاوشێوەیەتی یان لە نەسازێتی و لە یەکتر دوورکەتنەوە لە سەرتای درووست

---

[٢٠] أدب الدنيا والدين ص : (١٦٧) .

[٢١] روضة العقلاء ص : (١٠٩) .

[٢٢] أخرجهُ مسلم رقم : (٢٦٣٨) من حديث أبي هريرة ، وعلقه البخاري عن عائشة رقم : (٣٣٣٦) .

[٢٣] معالــم السنن : (٧ / ١٨٧) بــهامش الــمنذري ، وە (ابن حجر) لە کتێبی (فتح الباري)دا : (٦ / ٤٤٦) لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا فەرموویەتی : (قال الخطابــي : يحتمل أن يكون إشارة إلى معنى التشاكل في الــخير والشر والصلاح والفساد ، وأنَّ الــخَيِّرَ من الناس يحن إلى شكله والشرير نظير ذلك يــميل إلى نظيره ، فتعارف الأرواح يقع بحسب الطباع التي جُبِلَتْ عليها من خير وشر ، فإذا اتفقت تعارفت وإذا اختلفت تناكرت) .

واتە : (الــخطابي) فەرموویەتی : لەوانەیە ئەمە ئاماژە بێت بۆ واتای لەیەکچوون لە خێر و شەڕ و چاکێتی و خراپێتیدا ، وە خەڵکی چاك ئارەزووی هاوشێوەکەی دەکات و خراپەکاریش بەهەمان شێوە ئارەزووی هاووێنەکەی دەکات ، کەواتە ئاشنا بوون و یەکتر ناسینەوەی دەروونەکان روو دەدات بە پێی ئەو خووەی کە لە سەری ڕاهێنراوە لە چاکە و خراپەدا ، جا ئەگەر پێکەوە گونجان ئەوا ئاشنا دەبن بە یەکتر ، وە ئەگەر جیاواز بن ئەوا یەکتر ناناسنەوە . ـ وەرگێڕ ـ

بوونیانەوە ، لە بەر ئەوە دەبینیت چاکەکار و خێرویست هاوشێوەی خۆی خۆشدەوێت و شەیدا و تامـەزرۆی هاوێنـەی خۆیـەتی و دوور دەکەوێتەوە لە دژەکەی ، بە هەمان شێوە مرۆڤی سوك و خراپەکار هۆگری هاوشێوەی خـۆی دەبێت و کردارەکـانی بـە بـاش دادەنێت و خۆی لادەدات لە دژەکەی .

* وە (ابن الـــجوزي) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :

(يُستفاد من الـــحديث أنَّ الإنسان إذا وجد من نفسهِ نُفرة عن ذي فضل وصلاح فينبغي أنْ يَبحث عن الـــمقتضي لذلك ليـــسعَى في إزالتهِ فيتخلص من الوصف الـــمذموم وكذا عكسه)[٢٤].

واتە : ئەم فەرموودەیە سوودی ئەوەی لـێوەردەگیرێت کەوا ئەگەر مرۆڤ خۆدوورخستنەوەی لە خاوەن چـاکە و چـاکەکاران لـە خۆیدا بە دیکرد ئەوا پێویستە بگەڕێت بەدوای هۆکاری ئەمەدا بۆ ئەوەی هەوڵ بدات بۆ نەهێشتنی ئەنجا ڕزگاری ببێـت لـەو سـیفەتە زەمکراوە ، هەروەها بە پێچەوانەشەوە .

٣ ـ وە لەو بەرهەمانە : بەڕاستی هاومەجلیس و برادەری چاکت عەیب و کەموکوڕیـیەکان و لایەنـەکانی لاوازیـت دەخاتـە پـێش چاوت ، هەروەها شوێنەکانی نەخۆشی لە خۆت و ڕەوشتیشدا پێشانت دەدات ، ئەو کاتـە تـۆش بـەرەو چارەسـەر و چاککردنەوەی کەلێن و کەموکوڕیەکان و نەهێشتنی عەیبەکانت دەڕۆیت ، لەبەر ئەمـە دەبیـنین پێغەمبـەر (ﷺ) ئیمانـداری ـ لـە ڕووی ئـەوەی کـە براکەی چاو ڕۆشن دەکاتەوە بە کەلێن و کەموکوڕیەکانی ـ شوبهاندووە بە ئاوێنە کەوا مرۆڤ کەموکوڕیە ڕواڵەتیەکانی تێدا بـە دی دەکات ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((الـــمُؤمنُ مَرآةُ الـــمُؤمن))[٢٥].

واتە : ئیماندار ئاوێنەی ئیماندارە .

کەواتە ئیماندار ئاوێنەی براکەیەتی ، لە ڕێگای ئەوەوە کەموکوڕیە هەڵسوکەوتی و نابەرچـاویەکانی خـۆی دەبینێـت ، چـونکە بەڕاستی براکەی شتانێکی دەخاتە پێش چاو کەوا زۆر جارێك خۆی نایبینێت و هەسـتی پێناکـات ، وەك چـۆن ئاوێنـە کەموکوڕیـە ڕواڵەتیەکانی پێشان دەدات کـەوا خـۆی نایبینێـت ئـیللا لـە ڕێگـای ئـەوەوە نـەبێت ، وە گۆڕینـەوەی کەموکوڕیـەکان لـە نێـوان چاکەکاراندا ڕێڕەوێکی شوێنکەوتو و باو (مەشهور) بووە .

* (الـــحسن البصري) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :

(الـــمُؤمنُ مَرآةُ أخيهِ : إنْ رأى فيه ما لا يُعجبهُ سدّده وقوّمه وحاطهُ وحفظهُ فـــي السِّـــرِّ والعلانية)[٢٦].

واتە : ئیماندار ئاوێنەی براکەیەتی : ئەگەر شتێکی تێدا بینی کە پێی باش نەبێت ئەوا ڕاست و ڕێکی دەکاتـەوە و دایدەپۆشـێت و دەیپارێزێت لە پەنهانی و ئاشکرایشدا .

٤ ـ هاومەجلیس و برادەرانت لە چاکەکاران دەتگەیەنن بە کەسانێکی تـر کـەوا سـوودیان لێدەبینیت وەك چـۆن سـوودت لـەوان بینیوە ، چەندین کەس هەیە یەکێك لە چاکەکارانی ناسیوەتەوە ئەنجا ئەوەندەی بە سەر نەچووە چەندین پۆل لە چاکەکارانی تـری ناسیوەتەوە لە ڕێگای ئەو کەسەوە ، بەمەش چاکە و خێری زیاتری دەست کەوتووە .

٥ ـ بە ڕاستی تۆ لە ڕوانگەی بەراورد کردنی کردار و ڕەوشتەکانت لە گەڵ ئەوەی کەوا هاومەجلیس و برادەرە چاکەکارەکانت لە سەری دەڕۆن لەم بوارانەدا کەوا زانیاریان لایە و ئاگادارن لێیەوە هەڵـەکانی خـۆت دەناسـیتەوە لـە هەڵسوکەوت و ڕەوشـتەکانتدا ، ئەنجا ئەو هەڵانە ڕاست دەکەیتەوە .

٦ ـ بەڕاستی تۆ بـە هـۆی هاومـەجلیس و بـرادەرە چاکەکارەکانتەوە خـۆت دەگریتـەوە لـە تـاوان و سەرپێچیەکان ، چـونکە بەڕاستی ئەگەر لە گەڵیدا دانیشتیت ئەوا ئەمە داخوازیت لێدەکات کەوا ڕێزی مەجلیسەکەی بگریـت و وازبێنیـت لـە تـاوان لەبـەر بـە

---

[٢٤] دليل الفالحين : (٢ / ٢٣٧) والفتح : (٦ / ٣٧٠) .

[٢٥] رواه أبو داود رقم : (٤٩١٨) من حديث أبي هريرة ، وحسنَّه العراقي في تخريج الإحياء : (١٨٢/٢) وابن حجر في بلوغ الـمرام بـــاب الترغيـــب في مكـــارم الأخـــلاق والألبانـــي في الصحيحة رقم : (٩٢٦) وصحيح سنن أبي داود : (٣ / ٩٢٩) .

[٢٦] كتاب الإخوان لابن أبي الدنيا ص : (١٣١) .

ئاگابوون لە حورمەتی و ڕێز گرتن لە پلەوپایە و پێگەی لەو مەجلیسەدا ، کەواتە ئەو خۆگرتنەوە و وازهێنانە کاتێیە دەبێتە هۆکارێك بۆ دووركەوتنەوەی بەردەوام لەو حەرام و قەدەغەكراوانە .

٧ ـ هاومەجلیس و برادەری چاكەكار ڕێنماییت دەكات بۆ بوارەكانی خێر و چاكە كەوا زانینی ئەوانە سوودت پێ دەگەیەنێت ، بۆ نموونە ڕێنماییت دەكات بۆ هەندێك لە فەرزەكان كەوا تۆ بێئاگا بوویتە لێیان یان كەمتەرخەم بوویتە و تەمبەڵیت كردووە لە جێبەجێكردنیاندا ، وە ڕێنماییت دەكات بۆ زۆرێك لە سوننەتەكان كەوا خێر و چاكەت پێیان زیاد دەكات ، وە ئاگادارت دەكاتەوە لە شتانێكی حەرام و قەدەغەكراو كەوا تۆ تێیكەوتویت ، وە هانت دەدات بۆ چەندین پرۆژە لە پرۆژەكانی خێر و چاكە .

٨ ـ تۆ سەیری پلە بەرزێتی برادەری چاك دەكەیت لە زانست و خواپەرستی و بانگەوازكردن و ڕەوشت و هەڵسوكەوتیدا، وە دەبینیت پێش تۆ كەوتووە لە زۆرینەی لایەنەكانی خێر و چاكەدا ، جا ئەمە دەبێتە مایەی بەرژەوەندی و سوود لێوەرگرتن بۆ تۆ لە دوو ڕووەوە :

یەكەم : نەمانی ئەوەی كە لە تۆدا هەیە لە سەرسوڕمان بە خۆت و كردەوەتەوە (لەخۆبایی بوون) كاتێك دەبینیت كەسانێك هەن لە تۆ چاك ترن ، وە لەخۆبایی بوون لەو شتانەیە كە پێغەمبەر (ﷺ) لێی ترساوە بۆ ئوممەتەكەی و بە توند تر لە تاوان لە قەڵەمی داوە ، وەك فەرموویەتی : ((لو لــم تكونوا تُذنبون لَخِفْتُ عليكم ما هو أشدّ من ذلك العُجْبَ العُجْبَ))[٢٧].

واتە : ئەگەر ئێوە تاوان نەكەن ئەوا ترسی لە تاوان توند ترم لە سەرتان هەیە تووشتان ببێت : لەخۆبایی بوونە لەخۆبایی بوون .

دووەم : بەڕاستی ئەوە دەبێتە هۆكارێك بۆ پێشبڕكێ كردنت لە گەڵیدا لەو سیفەت و كردەوانەدا ، بەمەش زیاتر سوور دەبیت لە سەر بەدەست خستنی زانست و هەستان بە خواپەرستی و چاك كردنی ڕەوشت و هەڵسوكەوت ، و جگە لەمانەش .

بۆیە لە بەر ئەمە (عثمان بن حكيم) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (اصحَبْ مَنْ هو فوقك في الدِّين ودونك في الدنيا)[٢٨].

واتە : هاوڕێیەتی كەسێك بكە لە سەرووی تۆوە بێت لە بواری دیندا و لە خوارەوەی تۆشدا بێت لە بواری دونیادا .

٩ ـ دانیشتنت لە گەڵ هاومەجلیس و برادەری چاكەكاردا پاراستنی كاتی تێدایە كە بریتییە لە ژیان و بریتییە لە خەزێنەی هەموو كردەوەكان .

١٠ ـ بەڕاستی هاومەجلیس و برادەری چاكەكارت دەتپارێزێت لە كاتی ئامادە بوونت و لە كاتی ئامادە نەبوونیشتدا ، سڕ و نهێنییەكانت ئاشكرا ناكات و پەردەی لە سەر هەڵنامالێت و ناوبانگ و حورمەتت ناشكێنێت و بەرگیریت لێدەكات لەو جێگایانەدا كە پێویستیت بە كەسێكە بەرگیریت لێبكات .

١١ ـ بەڕاستی مرۆڤ تەنها بە بینینی پیاوچاكان و چاكەكاران خوای بیردەكەوێتەوە و یادی خوا دەكات ، وە واقع و شەرعیش بەڵگەن لە سەر ئەم ڕاستییە ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((أولياءُ اللهِ تعالى الذين إذا رؤوا ذُكِرَ اللهُ تعالى))[٢٩].

واتە :دۆستان و ئەولیاكانی خوای پایەبەرز ئەوانەن كەوا ئەگەر ببینرێن لە لایەن خەڵكەوە ئەوا خوای پایەبەرزیان بیردەكەوێتەوە .

وە لە فەرموودەیەكی تردا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((ألا أُنبئكم بِخيارِكم ؟ قالوا : بلَى يا رسول الله ؟ قال : خياركم الــذين إذا رؤوا ذُكِرَ الله عزَّ وجلَّ))[٣٠].

---

[٢٧] أخرجهُ القضاعي في مسند الشهاب : (٢ / ٣٢٠ ــ ح ١٤٤٧) والبزّار في مسندِهِ "كشف الأستار" (٤/ ٢٤٤ ــ ح ٣٦٣٣) ، وقال الــمنذري في الترغيب : (٤/٢٠) والــهيثمي في مجمع الزوائد : (١٠ / ٢٦٩) : إسنادهُ جيّد ، وحسنَّهُ الألبانــي في السلسلة الصحيحة رقم : (٦٥٨) .

[٢٨] الإخوان ص : (١٢٥) .

[٢٩] عزاه السيوطي في الــجامع الصغير للحكيم عن ابن عباس مرفوعاً ، ووحسنَّهُ الألباني في صحيح الــجامع رقم : (٢٥٥٧) .

[٣٠] أخرجه ابن ماجه في سننهِ : (٢ / ١٣٧٩ ــ ح ٤١١٩) من حديث أسماء بنت يزيد ، وحسَّن إسنادَهُ البوصيري في الزوائد : (٣ / ٢٧٣) ، وله شواهد منها عن عبد الــرحمن بن غنم وعبادة بن الصامت وعبد الله بن عمر وابن عمرو وابن عباس وغيرهم .

واتە : ئایا هەواڵتان نەدەمێ چاكترینتان كێیە ؟ وتیان : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : چاكترینتان ئەوانەن كەوا ئەگەر بینران لە لایەن خەڵكەوە ئەوا خوای پایەبەرزیان بیردەكەوێتەوە .

جا پێغەمبەر (ﷺ) لەم دوو فەرموودەیەدا ئەوەی سەلماندووە كەوا دۆستانی خوا و چاكەكاران كاریگەریان هەیە لە سەر ئەوانەی كە دەیانبینن ، وە ئەوانەی كە دەیانبینن ـ تەنها بەم بینینە ـ خوای گەورەیان بیردەكەوێتەوە ، وە لەوانەیە هۆی ئەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە تێیاندا بە دی دەكرێت لە ڕەوشت و ئاكار و قورس و سەنگینیان و نور و ڕووناكی ئیمان و چاكێتی ژیاننامەیان .

جا ئەگەر ئەمە دەست كەسێك بكەوێت كە دەیانبینێت ئایا دەبێت ئەوانە چۆن بن كەوا لە گەڵیاندا دادەنیشن و تێكەڵییان دەكەن .

* لە بەر ئەمە (موسى بن عقبة) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (إنْ كنتُ لألقى الأخَ من إخواني فأكون بلُقيّهِ عاقلاً أياماً)[٣١].

واتە : من كاتێك كە دەگەیشتم بە برادەرێك لە برادەرەكانم ئەوا بە پێگەیشتنەكەی چەند ڕۆژێك ژیر و عاقڵ و هۆشیار دەبوومەوە .

* وە (سفيان) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (لربَّما لقيتُ الأخ من إخواني فأقيم شهراً عاقلاً بلقائهِ)[٣٢].

واتە : بەڕاستی من چەندین جار كە دەگەیشتم بە برادەرێك لە برادەرەكانم ئەوا بە پێگەیشتنەكەی یەك مانگ ژیر و عاقڵ و هۆشیار دەبوومەوە .

* وە (أبو سليمان) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (كنتُ أنظرُ إلى أخٍ من إخواني بالعراق فأعمل على رؤيتهِ شهراً)[٣٣].

واتە : من كاتێك دەمڕوانیە برادەرێك لە برادەرەكانم لە عێراقدا ئەوا بە بینینەكەی یەك مانگ كردەوەم دەكرد .

١٢ ـ بەڕاستی هاومەجلیس و برادەری چاكەكار ڕازێنەرەوە و دڵخۆشكارن بۆت لە خۆشیدا و كەرستەی پشتگیریشن لە ناخۆشیدا ، ئەوانە باشترین یارمەتیدەرن بۆت بۆ كەم كردنەوەی خەم و خەفەتەكانت و چارەسەری كێشە و گرفتەكانت ، بیر و دڵ و چاوت ڕۆشن دەبێتەوە بە بۆچوون و بیروڕا و ڕێنماییەكانیان ، بە تایبەت لە كاتێكدا كە گرفتەكان لێت كۆدەبنەوە و ڕێگاچارەكانت لێ تەنگ دەبێتەوە و ڕێڕەوەكانی چارەسەر ماندووت دەكەن .

جارێكیان (ابن مسعود τ) ڕۆیشتە دەرەوە بۆ لای هاوەڵەكانی و پێی فەرموون : (أنتم جَلاءُ حُزني)[٣٤].

واتە : ئێوە ڕەوێنەرەوەی غەم و پەژارەكانمن .

* وە (أكثم بن صيفي) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (لقاءُ الأحبَّة مسلاةٌ للهَم)[٣٥].

واتە : گەیشتن بە خۆشەویستان ڕەوێنەرەوەی غەم و پەژارەكانە .

* وە (عمر بن الخطاب τ) فەرموویەتی : (عليكَ بإخوان الصدق ، فعِشْ في أكنافهم ، فإنَّهم زَيْنٌ في الرَّخاء ، وعُدَّةٌ في البلاء)[٣٦].

واتە : برادەری ڕاست و ڕاستگۆ بگرە خۆت ، و لە لایاندا بژی ، چونكە بەڕاستی ئەوانە ڕازێنەرەوەن لە خۆشیدا و كەرستەی پشتگیریشن لە ناخۆشیدا .

* وە (علي بن أبي طالب τ) فەرموویەتی : (عليكم بالإخوان فإنَّهم عُدَّةٌ في الدنيا والآخرة)[٣٧].

---

[٣١] روضة العقلاء ص : (٩٢) .

[٣٢] المصدر السابق ص : (٩٣) .

[٣٣] السابق ص : (٩٢) .

[٣٤] روضة العقلاء ص : (٩٢) .

[٣٥] الإخوان لابن أبي الدنيا ص : (١٥٥) .

[٣٦] السابق ص : (١١٦) والمتحابين في الله للمقدسي ص : (٣١) وروضة العقلاء ص : (٩٠) .

[٣٧] إحياء علوم الدين : (٢ / ١٦٠) .

واتە : پەیوەست بن بە برادەرانی چاکەکارەوە چونکە بەڕاستی ئەوانە پشتیوان و زەخیرەن لە دونیا و دواڕۆژدا .

* وە پیاوێك وتی بە (داود الطائي) ڕەحمەتی خوای لێبێت ئامۆژگاریم بکە ؟

ئەویش فەرمووی : (اصحَبْ أهل التقوى ، فإنَّهم أيسر أهل الدنيا عليك مؤونةً ، وأكثرهم لك معونةً)(٣٨).

واتە : هاوڕێیەتی لە خواترسان و خۆپارێزەران لە تاوان بکە ، چونکە ئەوانە لە هەموو خەڵکی دونیا کەمتر ئەرکیان هەیە بە سەرتەوە ، وە لە هەموویان زیاتر هاوکاریت دەکەن .

* وە (شبيب بن شيبة) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :

(إخوان الصدق خير مكاسب الدنيا ، وهم زينةٌ في الرَّخاء ، وعُدَّةٌ في البَلاء ، ومَعونةٌ على حُسن المعاشرة)(٣٩).

واتە : برادەری ڕاست و ڕاستگۆ باشترینی دەستکەوتەکای دونیایە ، ئەوانە ڕازێنەرەوەن لە خۆشیدا و کەرستەی پشتگیریشن لە ناخۆشیدا ، و یاریدەدەرن لە سەر هەڵسوکەوت کردن بە چاکە .

* وە هەندێك لە دانایان فەرموویانە : (اصطف من الإخوان ذا الدِّين والحسب والرأي والأدب ، فإنَّهُ رِدْءٌ لك عند حاجتك ، ويَدٌ عند نائبتك ، أُنسٌ عند وحشتك ، وزَينٌ عند عافيتك)(٤٠).

واتە : لەو برادەرانە هەڵبژێرە کەوا خاوەن دین و ناوداری و بۆچوونی ڕاست و ڕەوشتی جوانە ، چونکە یارمەتی دەرە بۆت لە کاتی پێویستیدا ، وە پاڵ پشتە لە کاتی تەنگانەتدا ، وە دڵنەوایی کارە لە کاتی تەنهاییتدا ، وە ڕازێنەرەوەیە لە کاتی خۆشیتدا .

* وە (عبد العزيز الأبرش) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :

استكثرنَّ من الإخوان إنَّهم
خير لكانزهم من الذَّهبِ
كم من أخٍ لو نابتك نائبةٌ
وجدتهُ خيراً من أخي النَّسبِ(٤١)

واتە : با برادەری زۆرت هەبێت چونکە ئەوانە بۆ ئەو کەسانەی کە لە خۆیانیان دەگرن چاك ترن لە زێڕ ..

چەندین برادەر هەیە کاتێك گرفتێك دێتە ڕێت دەبینیت چاك ترە بۆت لە برای باوکیت .

* وە (مهدي بن سابق) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :

تكثَّر من الإخوانِ ما اسْطعْتَ فإنَّهم
عِمادٌ إذا استنجدتهم وظُهور(٤٢)

واتە : با برادەری زۆرت هەبێت تا لە تواندا هەیە چونکە ئەوانە لە کاتێکدا کە هاواریان تێدەکەیت پشت و پەنان بۆت .

١٣ ـ بەڕاستی برادەرێتی و هاوڕێیەتیت بۆ چاکەکاران هۆکارێکە بۆ ئەوەی بچیتە ناو ڕیزی ئەو کەسانەوە کەوا لە ڕۆژی قیامەتدا نە ترسیان هەیە و نە خەم و پەژارە ، هەروەها بەردەوامێتی هاوڕێیەتی و نەپچڕانیت بۆ مسۆگەر دەکات ، هەر وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ ٱلۡأَخِلَّآءُ يَوۡمَئِذِۭ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلۡمُتَّقِينَ ٦٧ يَٰعِبَادِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡكُمُ ٱلۡيَوۡمَ وَلَآ أَنتُمۡ تَحۡزَنُونَ ٦٨ ﴾ [سورة الزخرف] .

واتە : لە ڕۆژی قیامەتدا برادەرەکان هەندێکیان دەبن بە دووژمنی هەندێکی تریان ئیللا لە خوا ترسەکان و خۆپارێزەرەکانیان لە تاوان نەبێت ، ئەی بەندەکانم ئێوە ئەمڕۆ نە ترستان لە سەرە و نە خەم و پەژارەشتان هەیە .

(٣٨) كتاب الإخوان ص : (١٢٤) .

(٣٩) كتاب المتحابين في الله ص : (٣٠) .

(٤٠) أدب الدنيا والدين ص : (١٦٨) .

(٤١) روضة العقلاء ص : (٩٣) .

(٤٢) روضة العقلاء ص : (٩٤) .

١٤ ـ تۆ سوودمەند دەبیت بە دوعا و پاڕانەوەی برادەر و هاوڕێ چاکەکانت کە بۆت دەپاڕێنەوە لە ژیانتدا و لە دوای مردنیشتدا ، چونکە بەڕاستی یەکێك لە داب و عادەتی چاکەکاران ئەوەیە کەوا هەندێکیان دوعا بۆ هەندێکی تریان دەکەن ، وە پێغەمبەر (ρ) فەرموویەتی : ((دَعوةُ المرءِ المسلم لأخيه بظهر الغيب مُستجابة ، عند رأسِهِ مَلَكٌ موكل كُلَّما دعا لأخيه بخير قال المَلَكُ الموكل بِهِ : آمين ، ولك بمثل))[٤٣].

واتە : دوعای کەسێکی موسڵمان بۆ براکەی لە پەنهانیدا دوعایەکی وەرگیراوە ، لە لای سەریەوە فریشتەیەك راسپێردراوە بەوەی کە هەر کاتێك ئەو دوعای خێر بکات بۆ برایەکی موسڵمانی ئەوا ئەو فریشتە راسپێردراوە دەڵێت : خوایە دوعاکەی گێرا بکە و بە هەمان شێوەی ئەو داواکاریە بۆ خۆشی جێبەجێبکە .

* (عبيد الله بن الحسن) رەحمەتی خوای لێبێت بە پیاوێکی فەرمووە : (استكثر من الصديق ــ يعني الصالح ــ ، فإنَّ أيسر ما تصيب أنْ يبلغَهُ موتكَ فيدعو لك)[٤٤].

واتە : با برادەری چاکت زۆر هەبێت چونکە بەڕاستی کەمترین دەستکەوتت لێیەوە دەستکەوێت ئەوەیە کەوا کاتێك هەواڵی مردنتی پێدەگات دوعات بۆ دەکات .

وە لەو باسە خۆشانەی کە دەگێڕێتەوە زانا و فەرموودەناس (الخطيب البغدادي) لە کتێبی (تاريخ بغداد)دا لە پێناسەی (الطيب بن إسماعيل) رەحمەتی خوای لێبێت (یەکێکە لە قورئان خوێنە بە ناوبانگەکان) دەگێڕێتەوە : کەوا دەفتەرێکی هەبووە ناوی (٣٠٠) سێسەد لە هاوڕێکانی تێدا نووسیبوو هەموو شەوێك دوعای بۆ هەموویان دەکرد ، جا شەوێك خەوی لێکەوت و بۆیان نەپاڕایەوە ، بۆیە لە خەودا پێی وترا : ئەی باوکی حەمدون ئەم شەو چراکەت دانەگیرسا !

ئەویش هەستا چراکەی داگیرساند و دانیشت و دەفتەرەکەی هێنا و دانە دانە بۆیان پاڕایەوە تاوەکو کۆتایی پێیان هێنا)[٤٥].

١٥ ـ بەڕاستی مەجلیسی چاکەکاران شەیتانەکانی جنۆکە و مرۆڤ پێی ناوێرن چونکە مەجلیسەکانیان قەڵایەکی پارێزەرە لە وەسوەسە و زیانی شەیتانەکان ، بە پێچەوانەی مەجلیسەکانی خراپەکاران کە بەڕاستی شوێنی جێگیر بوون و نیشتەجێبوونی ئەو شەیتانانەیە ، هەروەها ئەگەر مرۆڤ دوورەپەرێز بێت ئەوا لە رێی ئەوەدایە کە وەسوەسە و دڵەخورپێی گەنیو و بیرۆکەی لە رێدەرچوو لە ناوی بەرێت کە شەیتان دەیخاتە نێو دڵیەوە ، لە بەر ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((عليك بالجماعة فإنَّما يأكلُ الذئبُ القاصية))[٤٦].

واتە : پەیوەست بن بە کۆمەڵی موسڵمانانەوە* چونکە بەڕاستی گورگ مەڕێك دەخوات کە دوور کەوتبێتەوە و دابڕابێت لە ڕان **.

---

[٤٣] صحيح مسلم : (٤ / ٢٠٩٤ ــ ح ٢٧٣٣) عن أم الدرداء .

[٤٤] كتاب الإخوان ص : (١١٣) .

[٤٥] انظر : تاريخ بغداد : (٩ / ٣٦١) .

[٤٦] أخرجه أحمد : (٥ / ١٩٦) و (٦ / ٤٤٦) وأبو داود : (١/ ٣٧ ــ ح ٥٤٧) والنسائي : (٢ / ١٠٦) ، وحسنه الألباني في صحيح سنن النسائي : (١٨٤/١) .

* بۆ تێگەیشتن لە زاراوەی (الجماعة : کۆمەڵی موسڵمانان) و ئاشنا بوون بە واتا ڕاست و ڕەسەنەکەی کە لە چەندین فەرموودەی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە ئەوا پێویستە ئەم کتێبە بخوێنیتەوە : (فەتوای گەورە زانایان .. سەبارەت بە روون کردنەوەی حوکمی حزبایەتی و جیاوازی و پارچە پارچەگەرێتی ...) لاپەڕە : (١٤٥ ـ ١٥٠) لە نووسین و ئامادەکردنی وەرگێڕ .

** مەبەستی ئەوەیە ئەگەر موسڵمان دوورەپەرێز بێت لە کۆمەڵی موسڵمانان ئەوا شەیتانەکان بە وەسوەسە و رازاندنەوەی بیدعە و تاوانەکان هەڵیدەخەڵەتێنن و لە سەر رێگای ڕاستی ئیسلام لای دەدەن و گومڕای دەکەن و لە ناوی دەبەن ، بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم خاڵە ئەم فەرموودەیەت بۆ باس دەکەم :

عن عبد الله بن مسعود (رضي الله عنه) قال : "خط لنا رسول الله (ﷺ) خطا ، ثُمَّ قال : هذا سبيل الله ، ثُمَّ خطَّ خُطوطاً عن يَمينه وعن شماله وقال : هذه سبل متفرقة ، على كل سبيل منها شيطان يدعو إليه ، ثُمَّ قرأ : ﴿وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ﴾" [رواه أحمد والنسائي والدارمي وحسَّنَهُ الألباني في مشكاة المصابيح رقم : (١٦٦)] .

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێڵێکی بۆمان کێشا و ئەنجا فەرمووی : ئەمە ڕێگا ڕاستەکەی خوایە ، پاشان چەند هێڵێکی تری بە لای ڕاست و چەپی ئەو هێڵە ڕاستەدا کێشا و ئەنجا فەرمووی : ئەمانە چەند ڕێچکەیەکی پەرتەوازەن ، هەر ڕێچکەیەکیان شەیتانێکی لە سەرە و بانگەوازی بۆ دەکات ، ئەنجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە : (بەڕاستی ئەمە ڕێگا ڕاستەکەی منە و شوێنی کەون ، وە شوێنی ڕێچکەکان مەکەون چونکە لە ڕێگاکەی خوا لاتان دەدات) ..

١٦ ـ بەڕاستی هاومەجلیسێتی و هاوڕێیەتی و سەردانی یەکتر کردن لە بەر خوا هۆکارێکە بۆ بەدەست هێنانی خۆشەویستی خوای گەورە ، هەر وەك چۆن لە فەرموودەیەکی قودسیدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : خوای کار پڕ بەرەکەت و گەورە فەرموویەتی :

((وجبت مَحبتي للمُتحابين فِيَّ ، والـمُتجالسين فِيَّ ، والـمُتزاورين فِيَّ ، والـمُتباذلين فِيَّ))[٤٧].

واتە : خۆشەویستی خۆمم جێگیر کردووە بۆ ئەمانە :

للمتحابين فـيَّ : **ئەوانەی کە لە بەر من یەکتریان خۆش دەوێت .**

والـمتجالسين فـيَّ : ئەوانەی کە لە بەر من لە گەڵ یەکتردا دادەنیشن و مەجلیس دەگێڕن .

والـمتزاورين فـيَّ : **ئەوانەی کە لە بەر من سەردانی یەکتر دەکەن .**

والـمتباذلين فـيَّ : **ئەوانەی کە لە بەر من شت بە یەکتر دەبەخشن .**

وە لەفزێکی تردا هاتووە : ((قد حقت محبتي للذين يتحابون مِنْ أجلي، وقد حقت محبتي للذين يتزاورون من أجلي، وقد حقت محـبتي للذين يتباذلون من أجلي ، وقد حقت محبتي للذين **يتصادقون** من أجلي))[٤٨].

واتە : بە دڵنیایی خۆشەویستی خۆمم پێویست کردووە بۆ ئەوانەی کە لە پێناوی مندا یەکتریان خۆشدەوێت ، وە خۆشەویستی خۆمم پێویست کردووە بۆ ئەوانەی کە لە پێناوی مندا سەردانی یەکتر دەکەن ، وە خۆشەویستی خۆمم پێویست کردووە بۆ ئەوانەی کە لە پێناوی مندا شت بە یەکتر دەبەخشن ، وە خۆشەویستی خۆمم پێویست کردووە بۆ ئەوانەی کە لە پێناوی مندا هاوڕێیەتی و برادەرێتی یەکتر دەکەن .

وعن أبي هريرة (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال : ((أنَّ رجلاً زار أخاً له في قرية أخرى ، فأرصد الله له على مَدْرَجته ملكاً ، فلما أتى عليه قال : أين تريد ؟ قال : أريدُ أخاً لي في هذه القرية ، قال : هل لك عليه من نعمة تربُّـها ؟ قال : أنـي أحببتهُ في الله عز وجل ، قال : فإنِّي رسولُ الله إليك بأنَّ الله قد أحبك كما أحببته فيه))[٤٩].

واتە : پیاوێك سەردانی برادەرێکی خۆی کرد لە گوندێکدا ، جا خوای گەورە فریشتەیەکی نارد بۆ سەر ڕێگاکەی و کاتێك هات بۆ لای پێی ووت : بۆ کوێ دەچیت ؟ ئەویش ووتی : بۆ لای برادەرێکم دەچم لەم گوندەدا ، فریشتەکە ووتی : ئایا هیچ مافێکی دنیاییت بە سەریەوە هەیە لێی وەرگریتەوە (یان هیچ بەرژەوەندیەکت هەیە لە گەڵیدا پێی هەڵسیت) ؟ ئەویش ووتی : نەخێر ، تەنها ئەوە نەبێت کە من لە بەر خوا خۆشم دەوێت ، فریشتەکەش ووتی : جا من نێردراوی خوام بۆ لای تۆ بۆ ئەوەی پێت ڕاگەیەنم کە خواش تۆی خۆش دەوێت وەك چۆن تۆ ئەوت لە بەر خاتری خوا خۆش دەوێت .

١٧ ـ بەڕاستی کۆڕ و مەجلیسی پیاوچاکان کۆڕ و مەجلیسی زیکری خوای گەورەیە ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((لا يقعـد قوم يذكرون الله إلاَّ حفتهم الـملائكة ، وغشيتهم الرحمة ، ونزلت عليهم السكينة ، وذكرهم الله فيمن عنده))[٥٠].

واتە : هیچ کۆمەڵە کەسێك نییە کۆببنەوە و دانیشن زیکری خوا بکەن ئیللا فریشتەکان دەوریان دەگرن و ڕەحمەتی خوا دەیانگرێتەوە و ئارامی دادەبەزێتە سەر سەریان و خوای گەورە باسیان دەکات لای ئەوانەی کە لە لای خۆیدان .

کەواتە : بە شوێنکەوتنی ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام کەوا کۆمەڵی موسڵمانانی لەسەرە و لانەکردنەوە و لانەدان بۆ لای ڕێچکە کورتە پەرتەوازەکانی لای ڕاست و چەپی ڕێگای ڕاست پارێزراو دەبیت لە شەیتانەکانی سەر ئەو ڕیچکە کورتانە !

[٤٧] موطأ مالك : (٢ / ٩٥٣) وصحَّح إسناده ابن عبد البر والنووي في رياض الصالحين رقم : (٣٨٧) والـمنذري في الترغيب والترهيب : (٣ / ٢٤٠) ، وقـال الألبانـي : صحيح "صحيح الجامع الصغير" رقم : (٤٣٣١) وصحيح الترغيب والترهيب رقم : (٣٠١٨) و (٢٥٨١) .

[٤٨] قال الـمنذري في الترغيب : (٤ / ٤٧) : رواه أحمد ورواته ثقات والطبراني في الثلاثة واللفظ له والـحاكم وقال : صحيح الإسناد ، وقال الدمياطي في الـمتجر الرابح ص : (٥٣٥) : رواه أحمد بإسناد صحيح ، ورواه أحمد أيضاً عن عبادة بن الصامت بسند صححه الـمنذري والدمياطي في الـموضعين الـمشار إليهما .

[٤٩] صحيح مسلم رقم : (٢٥٦٧) .

[٥٠] صحيح مسلم رقم : (٢٧٠٠) .

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((ما من قوم اجتمعوا يذكرون الله ولا يريدون بذلك إلاَّ وجهه إلاَّ ناداهم مُنادٍ من السماء أنْ قوموا مغفوراً لكم قد بُدِّلَتْ سيئاتِكم حسنات))[٥١].

واتە : هیچ کۆمەڵە کەسێك نىیە کۆببنەوە و زیکری خوا بکەن و مەبەستیشیان بەوە هیچ نەبێت ئیللا پاداشتی خوا نەبێت ئیللا بانگ کەرێك لە ئاسمانەوە بانگیان دەکات و دەڵێت : هەستن خوا لێتان خۆش بووە و تاوانەکانتانی بۆ گۆڕیونەتەوە بە چاکە .

١٨ ـ مرۆڤ بە سەردان کردنی برادەرەکانی لە بەر خوا دەروون و ڕێڕەوی هەنگاوەکانیشی پاك دەکاتەوە و پلە و پایەی گەورە بۆ خۆی مسۆگەر دەکات لە بەهەشتدا ، هەر وەك چۆن پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((من عاد مريضاً ، أو زار أخاً له في الله ، ناداه مُنادٍ : أنْ طِبْتَ وطَابَ مَمْشاكَ وتبوأتَ من الجنَّة منزلاً))[٥٢].

واتە : هەر کەسێك سەردانی نەخۆشێك یان سەردانی برادەرێکی بکات لە بەر خاتری خوا ، ئەوا بانگ کەرێك بانگی دەکات و دەڵێت : خوا پاکت بکاتەوە و ڕێگای خێر و چاکەتیش بۆ پاك بکاتەوە و جێگایەکتیش بۆ ئامادە بکات لە بەهەشتدا .

وعن أنس (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال : ((ما من عبد أتى أخاه يزوره في الله إلاَّ ناداهُ مَلَكٌ من السماء : أنْ طِبْتَ وطابتْ لك الجنَّة ، وإلاَّ قال الله في ملكوت عرشه : عبدي زار فِيَّ وعليَّ قِرَاهُ فلمْ يرضَ له بثواب دون الجنَّة))[٥٣].

واتە : هیچ بەندەیەك نىیە سەردانی برایەکی بکات لە بەر خوا ئیللا بانگ کەرێك بانگی دەکات لە ئاسمانەوە و دەڵێت : ئەوا پاك بویتەوە و بەهەشتیشت بۆ خۆشکرا ، وە ئیللا خوای گەورە لە مولکی عەرشیدا دەفەرموێت : عەبدەکەم لە پێناوی مندا سەردانی برایەکی کرد و میواندارییەکەی لە سەر من ، وە بە هیچ پاداشتێك ڕازی نابێت بۆی جگە لە بەهەشت نەبێت .

وعن أنس (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال : ((ألاَ أخبركم برجالكم في الجنَّة ؟ قلنا : بَلَى يا رسول الله ، قال : النبيُّ في الجنة ، والصِّدِّيقُ في الجنة ، والرجلُ يزور أخاه في ناحيةِ المصر لا يزوره إلاَّ لله في الجنَّة))[٥٤].

واتە : ئایا هەواڵتان نەدەمێ بە پیاوانتان لە بەهشتدا ؟ وتیان : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ، فەرمووی : پێغەمبەر لە بەهشتدایە ، ڕاستگۆ لە بەهشتدایە ، وە پیاوێك سەردانی برایەکی بکات لە پەڕی شارەوە سەردانی نەکات ئیللا لە بەر خوا نەبێت لە بەهەشتدایە .

١٩ ـ بە گشتی هاومەجلیس و برادەری چاك و صالح سوودی بۆت هەیە لە هەموو ڕوویەکی دین و دونیاوە ، هەر وەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((المؤمن إنْ ماشيته نفعك ، وإنْ شاورته نفعك ، وإنْ شاركته نفعك ، وكل شيءٍ من أمره منفعة))[٥٥].

واتە : ئیماندار ئەگەر لە گەڵیدا ڕێبکەیت سوودت پێدەگەیەنێت ، وە ئەگەر پرس و ڕای پێبکەیت سوودت پێدەگەیەنێت ، وە ئەگەر شەریکی بکەیت سوودت پێدەگەیەنێت ، وە هەموو شتێك لە کارەکانیدا سوودی تێدایە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((مثل المؤمن مثل النخلة ما أخذت منها من شيءٍ نفعك))[٥٦].

---

[٥١] رواه أحمد : (١٤٢/٣) وقال الألباني : هذا إسناد حسن إنْ شاء الله "الصحيحة" رقم : (٢٢١٠) ، وذكره في صحيح الجامع بنحوهِ وصحَّحه : (٩٨١/٢) .

[٥٢] صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٠٠٨) وصحيح الترغيب والترهيب رقم : (٢٥٧٨).

[٥٣] كشف الأستار عن زوائد البزار ــ كتاب البر والصلة ــ باب الزيارة : (٣٨٨/٢ ــ ح ١٩١٨) ، ومسند أبي يعلى : (٧ / ١٦٦ ــ ح ٤١٤٠) ، قال المنذري في الترغيب : (٣ / ٢٣٩) والدمياطي في المتجر الرابح ص : (٥٣٤) : "رواه البزار وأبو يعلى بإسناد جيد" وقال الهيثمي في مجمع الزوائد : (٨ / ١٧٣) : "رواه البزار وأبو يعلى ورجال أبي يعلى رجال الصحيح غير ميمون بن عجلان وهو ثقة" ، وقال الألباني في صحيح الترغيب والترهيب : (٢٥٧٩) : "حسن صحيح" .

[٥٤] المعجم الصغير للطبراني : (١ / ٤٦) ، قال الدمياطي في المتجر الرابح ص : (٣٤٥) : "إسناده جيد إن شاء الله" ، وأخرجه الطبراني أيضاً بلفظ مقارب من حديث كعب بن عجرة في المعجم الكبير : (١٩ / ١٤٠ ــ ح ٣٠٧) وحسنه الألباني في صحيح الجامع رقم : (٢٦٠٤) .

[٥٥] رواه أبو نعيم في الحلية : (٨ / ١٢٩) وقال : ثابت صحيح عن النبي (ﷺ) من حديث ابن عمر . [قلتُ : ضعفهُ الإمام الألباني في ضعيف الجامع الصغير رقم : (٥٩٠٥) وسلسلة الأحاديث الضعيفة رقم : (٤٦٧٠)] .

[٥٦] رواه الطبراني في المعجم الكبير : (١٢ / ٤١١) من حديث ابن عمر وصحَّحه الألباني في صحيح الجامع رقم : (٥٨٤٨) .

وأصل الحديث في الصحيحين بلفظ : "إنَّ من الشجر شجرة لا يسقط ورقها وإنَّها مثل المسلم ، فحدثوني ما هي ... ثُمَّ قال : هي النخلة" صحيح البخاري رقم : (٦١) وصحيح مسلم رقم : (٢٨١١) .

واتە : دارێك هەیە لەناو دارەکاندا گەڵاکەی ناوەرێت و بەڕاستی وەکو موسڵمان وایە ، پێم بڵێن : کام دارەیە ؟ ... ئەنجا فەرمووی : دار خورمایە .

واتە : نموونەی ئیماندار وەك دار خورمایە هەر شتێكی لێببەیت سوودت پێدەگەیەنێت .

٢٠ ـ وە لە بەرهەمەكانی هاومەجلیس و برادەری چاك ئەوەیە دەبێتە هۆی خۆشەویستییان لـە پێنـاوی خـوادا ، جـا هـەر وەكـو چۆن خۆشەویستی هاومەجلیسێتی و هاوڕێیەتی بەرهەم دێنێت هەروەها هاومەجلیسێتی و هاوڕێیەتیش خۆشەویستی بەرهەم دێنێت .

وە خۆشەویستی لە پێناوی خوا چەندین بەرهەم و شوێنەوار و كاریگەری گەورەی هەیە لە سەر دەروونەكان ، وە خـوای گـەورە پاداشتی زۆر گەورەی داناوە بۆی ، جا لە بەر زۆری ئەو خێر و چاكە و بەرهەم و شوێنەوارانە بە جیا باسیان دەكەم :

بەرهەم و چاكەكانی
خۆشەویستی لە پێناوی خوا

أ / خۆشەویستی لە پێناوی خوا هۆكارێكە بۆ ئەوەی خوا خۆشتی بویەت .

پێش كەمێك ئەو فەرموودەیەمان باس كرد كە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : خـوای گـەورە فەرموویـەتی : ((وجبـت محـبتي للمتحابين فـيَّ ، والـمتجالسين فـيَّ ...)).

واتە : **خۆشەویستی خۆمم جێگیر كردووە** بۆ ئەمانە :

(**للمتحابين فــيَّ**) : ئەوانەی كە لە بەر من یەكتریان خۆش دەوێت ، (والـمتجالسين فـيَّ) : ئەوانـەی كـە لـە بـەر مـن لـە گـەڵ یەكتردا دادەنیشن و مەجلیس دەگێڕن ...

وە ووتەی فریشتەكە بەو پیاوەی كە سەردانی برادەرەكەی كرد لە بـەر خـوا : ((إنِّي رسول الله إليك **بأنَّ الله قد أحبك** كما أحببته فيه))[٥٧].

واتە : من نێردراوی خوام بۆ لای تۆ بۆ ئەوەی پێت ڕابگەیەنم كە **خواش تۆی خۆش دەوێت** وەك چۆن تۆ ئـەوت لـە بـەر خـاتری خوا خۆش دەوێت .

وعن أبي الدرداء (رضي الله عنه) يرفعه قال : ((ما من رجلين تَحابَّا في الله بظهر الغيب إلاَّ كان أحبهما إلى الله أشدُّهما حُبًّا لصاحبه))[٥٨].

واتە : هیچ دوو پیاوێك نییە لە پەنهانیدا* یەكتریان خۆش بوێت لە بەر خوا ئـیللا خۆشەویسـت ترینیـان لای خـوا ئەوەیانـە كـە هاوڕێكەی زیاتر خۆش دەوێت .

ب / خوای پاك و بێكەموكوڕی و گەورە ئەوانەی كە یەكتریان خۆش دەوێت لە بەر خوا دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە لە ڕۆژێكدا كە هیچ سێبەرێك نییە تەنها سێبەری عەرشی خوا نەبێت .

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال : ((سبعةٌ يُظلّهم الله في ظله يوم لا ظِلَّ إلاَّ ظله)) ... فذكر منهم : ((ورجلان تـحابَّا في الله اجتمعا عليه وتفرَّقا عليه))[٥٩].

واتە : یەكێك لەو حەوت كەسانەی كە خوا لە ڕۆژی دوایدا دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیـەوە كـە هـیچ سـێبەرێك نییـە تەنها سێبەری عەرشی خوا نەبێت ... دوو پیاون كە لە بەر خاتری خوا یەكتریان خۆش دەوێت و لـە سـەر ئـەوە كۆ دەبنـەوە و لـە سەرشی جیا دەبنەوە .

---

[٥٧] صحيح مسلم رقم : (٢٥٦٧) .

[٥٨] رواه الطبراني في الـمعجم الأوسط كما في مجمع الزوائد : (١٠ / ٢٧٦) ، وقال الـمنذري في الترغيب : رواه الطبراني بإسناد جيد قوي ، وصححه الألبانـي في صـحيح الترغيب والترهيب : (٣٠١٦) .

* واتە : خۆشەویستیەكە تەنها سەرزاری و ڕووالەتی نییە .

[٥٩] صحيح البخاري رقم : (٦٦٠) وصحيح مسلم رقم : (١٠٣١) .

وعن أبي هريرة (ﷺ) قال : قال رسول الله (ﷺ) : ((إنَّ الله يقول يوم القيامة : أينَ الـمتحابون بـجلالي ؟ اليوم أظلهم في ظلي يوم لا ظِلَّ إلاَّ ظلي))[٦٠].

واتە : خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا دەفەرموێت : كوان ئەوانەی كە لە بەر گەورەیی من یەكتریان خۆشدەویست ؟ ئەمڕۆ دەیانخەمە ژێر سێبەری عەرشمەوە لە ڕۆژێكدا كە هیچ سێبەرێك نییە تەنها سێبەری عەرشی من نەبێت .

ج / خۆشەویستی لە بەر خوا و ڕق لێبوون لە بەر خوا نیشانە و بەڵگەیە لە سەر تەواوێتی ئیمانی بەندە .

عن أبي أمامة (ﷺ) قال : قال رسول الله (ﷺ) : ((من أحب لله وأبغض لله ، وأعطى لله ومنع لله ، فقد استكمل الإيـمان))[٦١].

واتە : هەر كەسێك خۆشەویستی (بۆ كەسێك یان شتێك) لە بەر خوا بێت وە ڕق لێبوونی (بۆ كەسێك یان شتێك) لە بەر خوا بێت ، وە شت بەخشین و شت گرتنەوەیشی لە بەر خوا بێت ئەوا بەڕاستی ئەو كەسە ئیمانی كامڵ و تەواوە .

د / بەڕاستی خۆشەویستی لە بەر خوا هۆكارێكە بۆ چێژكردنی تام و شیرینی ئیمان .

عن أنس (ﷺ) عن النبي (ﷺ) قال : ((ثلاثٌ مَنْ كُنَّ فيه وجد بهنَّ حلاوة الإيـمان : أنْ يكون الله ورسوله أحبَّ إليه مِمَّا سواهما ، وأنْ يُحِبَّ المرء لا يُحبه إلاَّ لله ، وأنْ يكرهَ أنْ يعود في الكفر كما يكره أنْ يُقْذَفَ في النار))[٦٢] .

واتە : سێ خەسڵەت و كردار هەیە لە هەر كەسێكدا هەبێت ئەوا تام و چێژی شیرینی ئیمانی كردووە :

ـ دەبێت خوا و پێغەمبەرەكەی (ﷺ) لە لا خۆشەویست تر بێت لە هەموو كەسێك جگە لەوان ، وە دەبێت ئەو كەسەی كە خۆشی دەوێت خۆشی نەوێت تەنها لە بەر خوا نەبێت ، وە دەبێت پێی ناخۆش بێت بگەڕێتەوە ناو كوفر و بێباوەڕی وەك چۆن پێی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ناو ئاگرەوە .

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((من أحب أن يَجد طعم الإيـمان فليُحب الـمرءَ لا يُحبه إلاَّ لله))[٦٣].

واتە : هەر كەسێك پێی خۆشە تام و چێژی ئیمان بكات ئەوا با مرۆڤی خۆش بوێت تەنها لە بەر خوا .

هـ / بەڕاستی مرۆڤ بە خۆشویستنی چاكەكاران لە بەر چاكێتی و دامەزراوێتیان لە سەر خوا پەرستی و دینداری پێیان دەگات و دەشگەیەتە پلەی ئەوان ، ئەگەر چی بە كردەوەش نەگەیشتبێتە ئاستی ئەوان .

عن ابن مسعود (ﷺ) قال : جاء رجل إلى النبي (ﷺ) فقال : يا رسول الله كيف تقول في رجل أحبَّ قوماً ولـمْ يلحقْ بـهم ؟ فقال : ((الـمرء مع من أحب))[٦٤].

واتە : پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا چی دەفەرموێت سەبارەت بە پیاوێك كەوا خەڵكانێكی خۆش دەوێت و نەشگەیشتووتە پلەی ئەوان ؟

فەرمووی : مرۆڤ لە گەڵ ئەو كەسەدایە كە خۆشی دەوێت .

وعن أنس (ﷺ) أنَّ رجلاً قال : يا رسول الله متى الساعة ؟ قال : ((ما أعددت لـها)) ؟ قال : ما أعددتُ لـها من كثير صـلاة ولا صوم ولا صدقة ولكنِّي أُحب الله ورسوله ، قال : ((أنت مع من أحببت)) .

قال أنس : فما فرحنا بشيءٍ فَرَحَنا بقول النبي (ﷺ) : ((أنت مع من أحببت)) ، فأنَّا أُحِبُّ النبيَّ ﷺ وأبا بكر وعمر ، وأرجو أنْ أكون معهم بِحُبِّي إياهم ، وإنْ لَـمْ أعمل بـمثل أعمالـهم[٦٥].

---

[٦٠] صحيح مسلم رقم : (٤ / ١٩٨٨) رقم : (٢٥٦٦) .

[٦١] سنن أبي داود : (٥ / ٦٠ ــ ح ٤٦٨١) وصححه الألبانـي في صحيح الـجامع رقم : (٥٩٦٥) .

[٦٢] صحيح البخاري رقم : (١٦) وصحيح مسلم رقم : (٤٣) .

[٦٣] مسند أحمد : (٢ / ٢٨٩) ، وكشف الأستار عن زوائد البزار : (١ / ٥٠ ــ ح ٦٣) ، وقال الـهيثمي في مجمع الزوائد : (١ / ٩٠) : "رواه أحمد والبزار ورجاله ثقـات" ، ورواه الـحاكم : (٤ / ١٦٨) وقال : صحيح الإسناد ولـم يخرجاه وأقرَّه الذهبي ، وحسنه الألبانـي في صحيح الـجامع : (٥٩٥٨) .

[٦٤] صحيح البخاري رقم : (٦١٦٩) وصحيح مسلم رقم : (٢٦٤٠) .

[٦٥] صحيح البخاري رقم : (٣٦٨٨) و (٦١٧١) و (٧١٥٣) وصحيح مسلم رقم : (٢٦٣٩) وهو عند غيرهما بألفاظ متعددة .

واتە : پیاوێك وتی : ئەی پێغەمبەری خوا كەی قیامەتە ؟ فەرمووی : چیت بۆ قیامەت ئامادە كردووە ؟ وتی : شتێكی وا زۆر لە نوێژ و ڕۆژوو و صەدەقەم ئامادە نەكردووە بەڵام من خوا و پێغەمبەرەكەیم خۆش دەوێت ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : تۆ لە گەڵ ئەو كەسەدایت كە خۆشت دەوێت .

ئەنەس فەرمووی : بە هیچ شتێك دڵخۆش نەبووین بە ئەندازەی دڵخۆشیمان بەم ووتەیەی پێغەمبەر (ﷺ) كە فەرمووی : تۆ لە گەڵ ئەو كەسەدایت كە خۆشت دەوێت .

جا لە بەر ئەمە من پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبو بەكر و عومەرم خۆشدەوێت ، وە ئومێدەوارم كەوا لە گەڵ ئەواندا بم بە خۆشەویستیم بۆیان * ، ئەگەر چی كردەوەشم نەكردبێت وەك كردەوەكانی ئەوان .

وعن علي (رضي الله عنه) قال : قال رسول الله (ﷺ) : ((لا يُحب رجل قوماً إلاَّ حُشِرَ معهم))[٦٦].

واتە : هیچ پیاوێك نییە كەسانێكی خۆش بوێت ئیللا لە گەڵ ئەواندا حەشر دەكرێت .

و / لە سوودەكانی خۆشەویستی لە بەر خوا : خوای گەورە ڕێز دەگرێت لە كەسێك كەوا كەسێكی تری خۆش بوێت لە بەر خوا :

عن أبي أمامة (رضي الله عنه) قال : قال رسول الله (ﷺ) : ((ما أحبَّ عبدٌ عبداً لله إلاَّ أكرمهُ الله عز وجل))[٦٧].

واتە : هیچ عەبدێك نییە عەبدێكی تری خۆش بوێت لە بەر خوا ئیللا خوا ڕێزی لێدەگرێت .

وە ڕێز گرتنی خوا لە مرۆڤێك ڕێز لێگرتنی بە پێبەخشینی ئیمان و زانستی بەسوود و كردەوەی چاك و هەموو جۆرە نیعمەتەكان دەگرێتەوە .

ز / ئەوانەی كە یەكتریان خۆش دەوێت لە بەر خوا مینبەری نوورانیان هەیە و پێغەمبەران و شەهیدانیش خۆزگەیان پێدەخوازن لە ڕۆژی قیامەتدا :

عن معاذ (رضي الله عنه) قال : قال رسول الله (ﷺ) : قال الله تعالى : ((المتحابون في جلالي لَهم منابر من نور يغبطهم النبيون والشهداء))[٦٨].

واتە : خوای گەورە فەرموویەتی : ئەوانەی كە لە بەر گەورەیی من یەكتریان خۆشدەوێت مینبەریان هەیە لە نور و پێغەمبەران و شەهیدان خۆزگەیان پێدەخوازن لە ڕۆژی قیامەتدا .

دوای ئەوەی بەرهەمەكانی دانیشتن و مەجلیسگێڕانمان لە گەڵ چاكەكاراندا زانی و بۆمان ڕوون بوویەوە كەوا هاومەجلیس و برادەری چاك سوودگەیەنەرە بەوەی كە لە گەڵیدا دادەنیشێت لە چەندین لایەنەوە لە بواری دونیا و دینەوە ..

ئەنجا دەڕۆینە سەر باسی لایەنی بەرامبەر كە بریتییە لە :

هاومەجلیس و برادەری خراپ ، بۆ ئەوەی بزانین دانیشتن و دۆستایەتی كردن لە گەڵیدا دەبێتە هۆی تێكچوون و بەدبەختی و نەهامەتی دونیا و قیامەت .

❁شاعیرێك وتویەتی :

عَرفتُ الشرَّ لا للشـــــ ـــــرِّ لكِنْ لِتَوَقِّيهِ

---

* ئەمەیە قوتابی ڕاستەقینەی پەروەردەكراوی قوتابخانەی پێغەمبەرایەتی و ئیسلامی ڕەسەن ، بەڵام بەداخەوە ئەوەی كە لەم ڕۆژگارەدا دەبیسرێت و دەبینرێت لە نەوەی ئەم سەردەمەدا خۆشەویستی دەربڕین و سەرسام بوونە بە گۆرانیبێژ و ڕۆمان نووس ... و یاریزانە بێباوەڕ و گومڕاكانەوە كە ناو هێنان و باسی كردنی ژیاننامە و هەڵویستەكانیان بووەتە وورێدی سەر زاری زۆربەی هەرە زۆری لاوەكانی سەردەمی ئاخر زەمان !!!

ئایا پێت خۆشە لە ڕۆژی قیامەتدا لە گەڵ ئەمانەدا بیت و لە گەڵیاندا حەشر بكرێیت ؟!!! ـ وەرگێڕ ـ

[٦٦] رواه الطبراني في المعجم الصغير : (٢ / ٤٠) وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب رقم : (٣٠٣٧) .

[٦٧] رواه ابن أبي الدنيا في كتاب الإخوان ص : (١٠٤) رقم : (٢٠) والمقدسي في كتاب المتحابين في الله ص : (٢٧) رقم : (٨) واللفظ لهما ، ورواه أحمد في المسند : (٥ / ٢٥٩) بلفظ : "إلاَّ أكرم ربه عز وجل" ، وقال الألباني عن إسناد الحديث : "هذا إسناد شامي جيد" الصحيحة رقم : (١٢٥٦) وحسَّنه السيوطي والمناوي "فيض القدير" : (٥ / ٤١٠) .

[٦٨] سنن الترمذي رقم : (٢٣٩٠) وصححه الألباني في صحيح الجامع رقم : (٤٣١٢) .

وَمَنْ لا يَعْرِفُ الـــخَيرَ   مِنَ الشَّرِّ يَقَعُ فِـــيهِ

واتە : خراپەم ناسیەوە نەك لە بەر ئەوەی خراپەیە بەڵكو بۆ ئەوەی خۆمی لێبپارێزم ..

چونكە هەر كەسێك چاكە و خراپە لە یەك جیا نەكاتەوە ئەوا دەكەوێتە ناو خراپەوە﴾ * .

زەرەر و زیانەكانی هاومەجلیس و برادەری خراپ

هاومەجلیس و برادەری خراپ زیان دەگەیەنێت بە هاوڕێكەی لە هەموو ڕوویەكەوە ، وە بەدبەختی‌یە بۆی لە دونیا و قیامەتدا .

كۆكردنەوەی هەموو ئەو زیان و زەرەرانەی كە لە دەرئەنجامی دانیشتن و برادەرێتی كردنی خراپەكاران بە دەست دێت ناڕەحەتە ، جا لەوانەیە باسكردنی هەندێكیان بەس بێت بۆ وریاكردنەوەی كەسانی ژیر و عاقڵ لەم جۆرە دانیشتن و هاوڕێیەتی كردنە :

١ ـ لە زیانەكانی هاومەجلیس و برادەری خراپ ئەوەیە كە بەڕاستی گومانت بۆ دروست دەكات لە بیروباوەڕە ڕاستەكانتدا و لاتدەبات لە سەری ، هەر وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ ﴿٥٠﴾ قَالَ قَائِلٌ مِّنْهُمْ إِنِّي كَانَ لِي قَرِينٌ ﴿٥١﴾ يَقُولُ أَإِنَّكَ لَمِنَ الْمُصَدِّقِينَ ﴿٥٢﴾ أَإِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَإِنَّا لَمَدِينُونَ ﴿٥٣﴾﴾ [سورة الصافات] .

واتە : دۆزەخیەكان هەندێكیان ڕوو دەكەن لە هەندێكیان و پرسیار دەكەن : قسەكەرێكیان دەڵێت بەڕاستی من برادەرێكم هەبوو پێمی دەگوت : ئایا تۆ لەوانەی كە باوەڕت بە خوا هەیە و ڕۆژی قیامەت بە ڕاست دەزانیت ؟ ئایا ئەگەر ئێمە بمرین و ببین بە خۆڵ و ئێسقان ئایا ئێمە پاداشت دەدرێینەوە ؟!

وە گوێ بگرە بۆ بەسەرهاتی مردنی (أبو طالب)ی مامی پێغەمبەر (ﷺ) لە سەر كوفر و ئەو ڕۆڵەی كە هاومەجلیس و برادەری خراپ پێی هەستا لە مردنیدا لە سەر ئەو حاڵە .

عن سعيد بن المسيب عن أبيه المسيب بن حزن قال : ((لَمَّا حضرتْ أبا طالب الوفاةُ جاءهُ رسول الله ﷺ فوجد عنده أبا جهل بن هشام و عبدالله بن أبي أمية بن الـــمغيرة ، فقال : يا عم قل لا إلهَ إلاَّ الله ، كلمة أشهد لك بـــها عند الله ، فقال أبو جهل و عبد الله بن أبي أمية : يا أبا طالب أترغبُ عن ملة عبد المطلب ؟! فلم يزل رسول الله ﷺ يعرضها عليه ، ويعودان بتلك الـــمقالة ، حتـــى قال أبو طالب آخر ما كلمه : هو على ملة عبد المطلب ، وأبـــى أنْ يقولَ لا إلهَ إلاَّ الله))[٦٩].

واتە : كاتێك (أبو طالب) گەیشتە حاڵەتی سەرەمەرگ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ لای و بینی (أبو جهل و عبدالله بن أبي أمية) لە لاین ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ئەی مامە بڵێ (لا إلهَ إلاَّ الله) وتەیەكە شایەتی پێدەدەم بۆت لە لای خوا لە قیامەتدا ، (أبـــو جهل و عبدالله بن أبي أمية)ش وتیان : ئەی (أبو طالب) ئایا پشت هەڵدەكەیت لە دینی (عبد المطلـــب)ی باوكت ؟! پێغەمبەر (ﷺ) بەردەوام پێی دەفەرموو : بڵێ (لا إلهَ إلاَّ الله) ، (أبو جهل و عبد الله بن أبي أمية)ش ئەو قسەیەیان دووبارە دەكردەوە ، تاوەكو دواین وتەی (أبو طالب) ئەوەبوو كە وتی : ئەو لە سەر دینی عبد المطلب دمرێت ، و خۆی گرتەوە لەوەی كە بڵێت (لا إلهَ إلاَّ الله) !

برام بڕوانە ئەو دوو هاومەجلیس و برادەرە خراپانە چیان كرد ، (أبو طالب)یان كۆمڕا كرد لە ژیانیدا و بەردەوامیش بوون لە گەڵیدا تاوەكو سپاردیان بە ئاگری جەهەننەم ، پەنا بە خوا .

٢ ـ بەڕاستی هاومەجلیس و برادەری خراپ بانگی هاوڕێكەی دەكات بۆ چاولێكردی خۆی لە كەوتنە ناو حەرام و تاوانەكان ، وە ئەوەشی پێخۆشە بۆی ! هەر وەك چۆن شێخی ئیسلام (ابن تيمية) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (زۆرینەی خراپەكاران ئەو

* ئەمەی نێوان كەوانەكە من بۆیم زیاد كردووە ـ وەرگێڕ ـ

[٦٩] صحيح البخاري في مواضع متعددة ، وهذا اللفظ برقم : (١٣٦٠) وصحيح مسلم رقم : (٣٤) .

كەسانەیان خۆش دەوێت كەوا لە گەڵیاندا دەسازێن و پێكدێن لە سەر ئەوەی كە خۆیان تێیدان ، وە ڕقیشیانە لەوانەی كە ناسازێن و ناگونجێن لە گەڵیاندا .

هەروەها لە بوراەكانی دونیا و ئارەزووەكاندا زۆر جارێك ئەوانە هەڵدەبژێرن و پێشدەخەن كەوا بەشدارییان لە گەڵدا دەكەن : یان بە مەبەستی یارمەتی دان لە سەر ئەوە وەك چۆن لە زاڵبواندا لە خاوەن دەسەڵاتەكان و جەردە و ڕێگرەكان و هاوشێوەكانیاندا هەیە ، یان بە مەبەستی خۆگونجان وەك چۆن لەوانەدا هەیە كە كۆبوونەتەوە بۆ عارەق خواردنەوە ، چونكە بەڕاستی ئەوانە هەموو ئەو كەسانە هەڵدەبژێرن كە ئامادە دەبن لە گەڵیاندا بۆ خواردنەوە ، وە یان لە بەر ئەوەیە كە پێیان ناخۆشە ئەو لێیان جیاببێتەوە بە چاكەكردن ، یان لە بەر حەسوودی و چاوچنۆكییە لە سەر ئەوە ، بۆ ئەوەی ئەو بەرز نەبێتەوە بە سەریاندا بەو كارە و دەست خۆشی لێنەكرێت جگە لەوان ، وە یان لە بەر ئەوەیە كە نەبێتە بەڵگە و شایەت حاڵ بە سەریانەوە ، وە یان لە بەر ئەوەیە كە دەترسن تۆڵەیان لێبسێنێتەوە بە خوودی خۆی یان بە بەرزكردنەوەی شكایەت لە سەریان ، وە بۆ ئەوەی نەكەونە ژێر مننەت كردن و مەترسیەكانیەوە ، یان لە بەر هاوشێوەكانی ئەم هۆكارانە .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّن بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ ﴿١٠٩﴾﴾ [سورة البقرة] .

واتە : زۆربەی گاور و جوولەكە ئومێدی ئەوە دەكەن و پێیان خۆشە كەوا ئێوەی ئیماندار هەڵگەڕێنەوە لە ئیسلام دوای ئەوەی كە باوەڕتان هێنا و ببن بە كافر و بێباوەڕ لە بەر حەسادەتی خۆیان دوای ئەوەی كەوا حەق و ڕاستیان بۆ ڕوون بوویەوە .

وە سەبارەت بە دووڕووەكان فەرموویەتی : ﴿وَدُّوا لَوْ تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُوا فَتَكُونُونَ سَوَاءً ﴿٨٩﴾﴾ [سورة النساء] .

دووڕووەكان ئومێدی ئەوە دەكەن و پێیان خۆشە كەوا ئێوەی ئیماندار كوفر بكەن و بێباوەڕ بن هەر وەكو چۆن ئەوان خۆیان كوفریان كردووە بۆ ئەوەی ئێوە و ئەوان یەكسان بن لە بێباوەڕیدا .

وە (عثمان ﷺ) فەرموویەتی : "ودَّت الزانية لو زنَى النساء كلهن".

واتە : ئافرەتی داوین پیس پێی خۆشە هەموو ئافرەتان داوین پیس بن)[٧٠].

٣ ـ بەڕاستی مرۆڤ بە سروشتی خۆی كاریگەر دەبێت بە داب و خوو و ڕەوشت و كردەوەكانی هاومەجلیس و برادەرەكەی ، لە پێشەوە باسی ئەو فەرموودەیەمان كرد كەوا پێغەمبەر (ﷺ) تێیدا فەرمووی : ((الـمَرْءُ على دين خليله ، فلْينظُرْ أحدُكم مَنْ يُخالِلْ ؟))[٧١].

واتە : مرۆڤ لە سەر دینی خۆشەویستەكەیەتی ، جا با یەكێك لە ئێوە بڕوانێت بۆ ئەوەی بزانێت كێی خۆش دەوێت ؟

جا ئەگەر هاومەجلیس و برادەرەكەت خراپ بوو ئەوا مرۆڤ پێی كاریگەر دەبێت و ڕەنگی ئەوی لێدەنیشێت .

هەندێك وتویانە : (إيَّاكَ ومُجالسةَ الشرير فإنَّ طبعكَ يسرقُ من طبعهِ وأنت لا تدري)[٧٢].

واتە : ئامان وریابە لە دانیشتن و هاوڕێیەتی كردنی خراپەكار چونكە بەڕاستی خووی تۆ دزی دەكات لە خووی ئەو و تۆش نازانیت و ئاگات لێی نییە .

٤ ـ بەڕاستی بینینی هاومەجلیس و برادەری خراپ تاوان كردنت بیر دەخاتەوە جا پێیەوە دیار بێت یا خود شاراوە بێت یەكسانە ، ئەمەش لە كاتێكدا دەبێت كە تۆ ئاگات هەبێت لە تاوانەكانی ، بە هۆی ئەو بینینەوە خوتورەی تاوان كردن دێت بە مێشكی مرۆڤدا دوای ئەوەی كە ئەو بێئاگا بووە لێی یان سەرقاڵ بووە و بە بیریدا نەهاتووە ، جا هەر وەك چۆن بینینی كەسێكی

---

[٧٠] مجموع الفتاوى لشيخ الإسلام ابن تيمية : (٢٨ / ١٥٠ ـــ ١٥١) .

[٧١] بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١١) .

[٧٢] الذريعة إلى مكارم الشريعة للراغب الأصفهانـي ص : (١٩٣) .

گوێڕایەڵ و صالح كـە خـوا یارمـەتی داوە بـۆ چاكەكاری خـوات بـیر دەخاتـەوە ئاوەهـایش بینـینی كەسـێكی تاوانبـار كـە شـەیتان ڕایكێشاوە بۆ تاوان كردن شەیتانت بیر دەخاتەوە .

(الراغب الأصفهاني) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : تێپەڕاندنی خووڕەوشتی هاومەجلیس و برادەر بۆ برادەرەكـەی تـەنها بە گوفتار و كردارەوە ناوەستێتەوە ، بـەڵكو بـە تێڕوانینیـشی هـەمان گاریگـەری دەبێـت ، چـوونكە تێـڕوانین بـۆ وێنـە و ڕووخسار گاریگـەری دەكاتـە سـەر دەروونـەكان لـە هەنـدێك خووڕەوشـتدا كـە گونجـاوە لـە گـەڵ خووڕەوشـتی ئـەو كەسـەدا كـە چـاوی تێیدەڕوانیت[٧٣] .

٥ - بەڕاستی هاومەجلیس و برادەری خراپ دەتگەیەنێت بە كەسانێكی خراپـەكار كـەوا پەیوەنـدی كردنـت پێیانـەوە زیانـت پـێ دەگەیەنێت ، وە هەندێك جار ئەو كەسانە لە ڕێ‌دەرچوو تر و گەندەڵكار ترن لە خوودی ئەم برادەرە خراپە خۆشی .

٦ - بەڕاستی هاومەجلیس و بـرادەری خـراپ كـەم و كوڕیـەكانت لـێ دەشـارێتەوە و دایدەپۆشـێت ، وە هەڵـە و خراپـەكانت بـۆ دەڕازێنێتەوە ، وە كاریگەری تاوان كردن سووك دەكاتەوە لە دڵتدا ، وە كەمتەرخەمی كردنت لە چاكەكاری و گوێڕایەڵیت بـۆ خـوا و پێغەمبەر (ﷺ) لە لا ئاسان دەكاتەوە .

٧ - بەڕاستی تۆ بـە هـۆی هاومـەجلیس و بـرادەری خراپـەوە بێ‌بـەش و مـەحروم دەبێـت لـە دانیـشتن و تێكـەڵ بـوون لـە گـەڵ چاكەكاراندا ، چوونكە تۆ لە گەڵ ئەودا ڕۆچوویت لە نـاو ئارەزووەكانـدا ، یـان بـە هـۆی ئاگـادار كردنـەوە و قەدەغەلێكردنتـەوە لـە مەجلیس گێڕان و دانیشتن لە گەڵ چاكەكاراندا ، یان بە هۆی دانیشتن و تێكلاوبوونت لە گەڵ ئەم لە ڕێدەرچووەدا شەرم دەتگرێت و بە كارێكی قورسی دەزانیت كەوا لە گەڵ چاكەكاراندا دانیشیت و تێكەڵ ببیت ، ئەمەش دەبێتە هۆی لە دەست چوونی خێر و چاكە بە ئەندازەی دوور بوونت لە چاكەكارانەوە .

٨ - بەڕاستی ئەو كەسەی كە دادەنیـشێت لـە گـەڵ خراپەكارانـدا كـردەوە خراپـەكانی خـۆی بـەراورد دەكـات لـە گـەڵ كـردەوە خراپەكانی ئەواندا ، ئەنجا خراپەكانی خـۆی بـە كـەم دەزانێـت لـە ئاسـت خراپـەكانی ئەوانـدا ، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی زیـاد بـوونی سەركەشی و زیادەڕەوی كردن و ڕۆچوون لە خراپە و لە ڕێدەرچوون و كەمتەرخەمی كردن لە چاكەكردندا ، وە بـە لایـەنی كەمـەوە سەرسام دەبێت بەوەی كە ئەو لە سەریەتی ، وە سەرسام بوونیش نەخۆشیەكی كووشندە و لەناوبـەرە وەك لـە پێـشەوە بـاس كـرا [٧٤].

٩ - بەڕاستی كۆڕ و مەجلیسی خراپەكاران بەدەر نی یە لە چەندین گوفتار و كرداری حـەرام و تـاوان وەك غەیبـەت و فیتنـەیی و درۆ و لەعنەت لێكردن و هاوشێوەی ئەمانە ، جا لەوانەیە ئەو كەسەی كە لە گەڵیاندا دادەنیـشێت خـۆی بگونجێنێـت و بـسازێت لـە گەڵیاندا لەوەی كە ئەوان تێیدان ، یان ڕێگری ئەو كارە خراپەیان لێدەكات بەڵام لە هەمان كاتدا جیانابێتـەوە لـە مەجلیسەكەیان و لێیان دوور ناكەوێتەوە بۆیە دەكەوێتە نـاو تاوانـەوە ، چـوونكە ڕێگـرتن لـە تـاوان و ئینكـاری كردنـی ـ وەك زانایـان دەڵـێن ـ ئـەوە پێویست دەكات كە جیا ببیتەوە لـەو مەجلیسە ئەگـەر بـەردەوام بـوون لـە سـەر ئەنجامـدانی ئـەو تاوانـە ، چـوونكە خـوای گـەورە فەرموویـەتی : ﴿وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِۦۚ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيْطَٰنُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ ٱلذِّكْرَىٰ مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ٦٨﴾[سورة الأنعام] .

واتـە :ئەگـەر كەسـانێكت بـینی ڕۆچـوون لـە ئایەتەكانمانـدا بـەوەی كـە پێچەوانەی حـەق بێـت ئـەوا پـشتیان لێبكـە و لێیـان دووربكەوەرەوە تاوەكو دەچنە ناو باسێكی ترەوە جگە لەوە ، وە ئەگەر شەیتان لە بیرتی بردەوە و ئامادەی ئەو جۆرە مەجلیسانە بوویت ئەوا لە دوای بیرخستنەوە و ئاگاداركردنەوەیان لە گەڵ كەسانی ستەمكار و تاوانباردا دامەنیشە .

---

[٧٣] الذريعة ـــ الـموضع السابق .

[٧٤] بڕوانە لاپەڕە : (٣٤) .

وە خوای گەورە فەرموویـەتی : ﴿وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِثْلُهُمْ ﴿١٤٠﴾﴾ [سورة النساء] .

واتە : بەدڵنیایی لە قورئاندا دابەزیوەتە سەرتان کەوا ئەگەر بیستان کەوا کوفر دەکرێت بە ئایەتەکانی خوا یان گاڵتەیان پێدەکرێت ئەوا لە گەڵیاندا دامەنیشن تاوەکو دەچنە ناو باسێکی ترەوە جگە لەوە ئەگینا ئێوەش وەکو ئەوانن .

١٠ ـ بەڕاستی برادەرێتی و هاوڕێیەتی کردن لە گەڵ خراپەکاردا لە ڕێی نەماندایە لە گەڵ پەیدا بوونی کەمترین ناکۆکی یان گۆڕانی بەرژەوەندی ، بەڵکو بە کەمتر لەوەش ڕقەبەرایەتی پەیدا دەبێت .

(عبد الله بن المعتز) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :

(إخوان السوء ينصرفون عند النكبة ويقبلون عند النعمة)[٧٥].

واتە : برادەرە خراپەکان لە کاتی تێشکاندا پشتت لێهەڵدەکەن و لە کاتی خۆشیشدا ڕووت لێدەکەن .

* وە (علي بن داود الرقي) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :

كُلُّ مَنْ كان لا يؤاخيكَ في الله

فلا ترجُ أنْ يدوم إخاؤهُ

إنَّ خيرَ الإخوانِ مَنْ كان في الله

لـــهُ دام ودّه وصفـــاؤهُ[٧٦]

واتە : هەموو ئەوانەی کە برادەریت دەکەن بێ ئەوەی لە بەر خوا بێت، ئەوا ئومێدی ئەوەی لێنەکەیت کە برادەریەکەی بەردەوام بێت .

بەڕاستی باشترین برادەر ئەوەیە کە برادەریەکەی لە بەر خوا بێت ، ئەوە دۆستایەتی و نیازپاکی لە گەڵتدا بەردەوام دەبێت .

* وە (أبوالحسن التهامي) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :

شيئانِ ينقشعانِ أول وهلةٍ

ظِلُّ الشبابِ وخُلَّةُ الأشرارِ[٧٧]

واتە : دوو شت هەن لە ناکاودا هەڵدەماڵێن و نامێنن : سێبەری لاوێتی و برادەرێتی خراپەکاران .

* وە نەقشی مۆری هەندێك لە دانایان بریتی بووە لە (مَنْ ودَّكَ لأمرٍ ولَّــى مع انقضائهِ)[٧٨].

واتە : هەر کەسێك دۆستایەتیت لە گەڵدا بکات لە بەر شتێك ئەوا پشتت لێ دەکات لە گەڵ کۆتایی پێهاتنی ئەو شتەدا .

* وە (ابن حبَّان) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (العاقِلُ لا يُصاحِبُ الأشرارَ ، لأنَّ صُحبةَ صاحب السوء قِطْعَةٌ من النـــار ، تعقب الضغائن ، لا يستقيم وِدُّهُ ولا يَفي بعهدِهِ)[٧٩].

واتە : مرۆڤی ژیر هاوڕێیەتی خراپەکاران ناکات ، چونکە هاوڕێیەتی کردنی برادەری خراپ پارچەیەکە لە ئاگر ، ڕق و کینەی بە دوادا دێت و دۆستایەتیشی ڕاست و تا سەر نابێت و وەفاداریش نابێت بە بەڵێن و پەیمانەکانی .

* وە (ابن تيمية) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (ئەگەر خەڵکی هاوکاری یەکتر بکەن لە سەر تاوان و دەست درێژی و سنوور شکاندن ئەوا هەندێکیان ڕقیان دەبێت لە هەندێکی تریان ، ئەگەر چی بە ڕەزامەندی خۆشیان ئەو کارانە ئەنجام بدەن ، طاوس فەرموویەتی : هەر دوو پیاوێك کۆببنەوە لە بەر غەیری خوا ئیللا جیا دەبنەوە بە دڵ ڕەنجانەوە لە یەکتر ، کەواتە برادەرێتی

---

[٧٥] كتاب العــزلة ص : (١٩٤) .

[٧٦] كتاب الــمتحابين في الله ص : (٣٧) رقم : (٢٨) .

[٧٧] ديوان أبي الــحسن التهامي ص : (٣١٥) .

[٧٨] كتاب العــزلة ص : (١٥١) .

[٧٩] روضة العقلاء ص : (١٠١) .

ئه‌گه‌ر له سه‌ر به‌رژه‌وه‌ندی هه‌ردوولا نه‌بوو ئه‌وا سه‌رئه‌نجامه‌كه‌ی دژایه‌تی‌یه ، وه ته‌نها كاتێك له سه‌ر به‌رژه‌وه‌ندی هه‌ردوولا ده‌بێت ئه‌گه‌ر ئه‌و براده‌رێتی‌یه له به‌ر خوا بێت ، وه ئه‌گه‌ر وا نه‌بوو ئه‌وا هه‌ر یه‌كێكیان ئه‌گه‌ر چی هاوكاری یه‌كتری بكه‌ن له كاتێكدا كه داوای یارمه‌تی له یه‌ك ده‌كه‌ن به ڕه‌زامه‌ندی خۆیان ئه‌وا ئه‌م ڕه‌زامه‌ندیه هیچ بایه‌خێكی نی‌یه به‌ڵكو سه‌رئه‌نجام ده‌گه‌ڕێته‌وه سه‌ر ڕقه‌به‌رایه‌تی و دژایه‌تی و له‌عنه‌ت له یه‌كتر كردن ، وه هه‌ر یه‌كێكیان به‌وی تریان ده‌ڵێت : ئه‌گه‌ر تۆ نه‌بوایه‌یت ئه‌وا من ئه‌مه‌م نه‌ده‌كرد ..)[٨٠] .

١١ ـ به‌ڕاستی براده‌رێتی خراپه‌كاران ئه‌گه‌ر چی له دونیاشدا دۆستایه‌تیان به‌رده‌وام بێت ئه‌وا له ڕۆژی دوایدا زۆر به په‌له لاده‌چێت و هه‌ڵده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ دژایه‌تی و ڕقه‌به‌رایه‌تی ، وه‌ك خوای گه‌وره فه‌رموویه‌تی : ﴿ ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٦٧﴾ ﴾ [سورة الزخرف] .

واته : براده‌ران له ڕۆژی قیامه‌تدا هه‌ندێكیان دوژمنی هه‌ندێكیانن ته‌نها كه‌سانی له خوا ترس و خۆپارێزه‌ر له تاوان نه‌بێت .

وه هۆی گۆڕینه‌وه‌ی ئه‌م خۆشه‌ویستی و براده‌رێتی‌یه به دژایه‌تی ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ئه‌و به‌رهه‌م و میراته‌ی كه له‌م براده‌رێتی‌یه‌وه بۆیان ماوه‌ته‌وه له هاوكاری كردنی یه‌كتر له سه‌ر تاوان و سه‌رپێچی و ده‌ست درێژی .

وه خوای گه‌وره فه‌رموویه‌تی :

﴿ وَقَالَ إِنَّمَا ٱتَّخَذْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَوْثَٰنًا مَّوَدَّةَ بَيْنِكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ ثُمَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا ﴿٢٥﴾ ﴾ [سورة العنكبوت] .

واته : پێغه‌مبه‌ر ئیبراهیم (علیه السلام) به قه‌ومه‌كه‌ی خۆی فه‌رموو : به‌ڕاستی ئێوه جگه له خوا هه‌ندێك بتتان هه‌ڵبژاردووه به مه‌به‌ستی دۆستایه‌تی نێوان هه‌ر دوو لاتان له ژیانی دونیادا ئه‌نجا له ڕۆژی قیامه‌تدا هه‌ندێكتان باوه‌ڕی به هه‌ندێكی ترتان نامێنێت و له‌عنه‌ت و نه‌فره‌ت له یه‌كتری ده‌كه‌ن .

(ابن تيمية) ڕه‌حمه‌تی خوای لێبێت فه‌رموویه‌تی : (ئه‌وانه به كافر زانین و باوه‌ڕ پێ‌نه‌بوون و له‌عنه‌ت و نه‌فره‌ت له یه‌كتر كردنی هه‌ندێكیان بۆ هه‌ندێكی تریان ته‌نها له به‌ر ئه‌وه نی‌یه كه سه‌رپێچی خوای كردووه ! به‌ڵكو له به‌ر ئه‌وه‌یه كه به هۆی به‌شداری و هاوكاری ئه‌وه‌وه زیان و زه‌ره‌ری لێكه‌وتوه)[٨١] .

١٢ ـ زۆربه‌ی كۆڕ و مه‌جلیسه‌كانی خراپه‌كاران و له‌ڕێده‌رچووان باسی خوای تێدا ناكرێت ، ئه‌مه‌ش ده‌بێته هۆی خۆخواردنه‌وه و په‌شیمانی بۆ خاوه‌نه‌كانیان له ڕۆژی قیامه‌تدا ، هه‌ر وه‌ك چۆن پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رموویه‌تی : ((ما من قوم يقومون مِنْ مَجلسٍ لم يذكروا الله فيه إلاَّ قاموا عن مثل جيفة حمار وكان ذلك المجلس عليهم حسرة يوم القيامة))[٨٢] .

واته : هیچ كۆمه‌ڵه كه‌سێك نی یه له مه‌جلیسێكدا هه‌ستن و باسی خوایان تێدا نه‌كردبێت ئیللا وه‌كو ئه‌وه وایه كه له سه‌ر لاكی گوێدرێژێك (كه‌رێك) هه‌ستابێتن ، وه ئه‌و دانیشتنه‌شیان ده‌بێته هۆی خۆخواردنه‌وه و په‌شیمانی بۆیان له ڕۆژی قیامه‌تدا .

١٣ ـ به‌ڕاستی دانیشتن و هاوڕێیه‌تی كردن له گه‌ڵ خراپه‌كاراندا كات به فیڕۆ دانی تێدایه كه له ڕۆژی قیامه‌تدا لێپرسینه‌وه و موحاسه‌به‌ی به‌نده‌ی له سه‌ر ده‌كرێت كه كه‌مته‌رخه‌می تێدا كردووه و له ده‌ستی داوه .

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رموویه‌تی : ((لا تزول قدما عبد يوم القيامة حتى يُسألَ عن أربعٍ : **عن عمرهِ فيما أفناهُ** ؟ وعن علمهِ ما عمل به ؟ وعن مالهِ مِنْ أينَ اكتسبهُ وفيما أنفقهُ ؟ وعن جسمه فيما أبلاهُ ؟))* .

---

[٨٠] مجموع الفتاوى : (١٥ / ١٨٢ ـــ ١٨٣) .

[٨١] مجموع الفتاوى : (١٥ / ١٢٩) .

[٨٢] رواه أبو داود في سننه : (٥ / ١٨٠ ـــ ح ٤٨٥٥) وصحح إسنادهُ النووي في رياض الصالحين رقم : (٨٣٨) والألباني في صحيح الجامع رقم : (٥٧٥٠) .

* صحيح الترغيب والترهيب رقم : (٣٥٩٢) ـ وه‌رگێڕ ـ .

واتە : هەدوو پێی هیچ عەبدێك نییە لە ڕۆژی قیامەتدا هەنگاو بنێت تاوەكو پرسیاری چوار شتی لێنەكرێت : سەبارەت بە تەمەنی لە چیدا بە سەری بەردووە ؟ وە سەبارەت بە زانستەكەی ئایا كردەوەی پێ كردووە ؟ وە سەبارەت بە پارە و ماڵەكەی چۆن پەیدای كردووە و لە چیدا خەرجی كردووە ؟ وە سەبارەت بە لاشەی لە چیدا بە كاری هێناوە و دایهێناوە ؟

١٤ ـ بەڕاستی تۆ بەودا دەناسرێیتەوە ، وە گومانی خراپت پێ دەبرێت بە هۆی هاوڕێیەتی كردنتەوە لە گەڵ ئەودا .

بە گشتی تێكەڵاوی كردنی خراپەكاران زیان و زەرەرە بۆ خاوەنەكەی لە دونیا و دوا ڕۆژدا .

* (الشيخ عبد الرحمن السعدي) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (بە گشتی هاوڕێیەتی كردنی خراپەكاران زیانبەخشە لە هەموو ڕوویەكەوە بۆ هەر كەسێك كە هاوڕێیەتیان بكات ، وە بەڵا و خراپەیە بۆ ئەوانەی كە تێكەڵاوییان دەكەن ، چەندین خەڵك بە هۆی ئەو خراپەكارانەوە فەوتا و لە ناو چوو ، وە چەندێك هاوڕێكانیان ڕاكێشا بۆ كار و شوێنی فەوتێنەر و ڕووخێنەر هەست بكەن بە خۆیان یان هەست نەكەن)[٨٣] .

لە بەر ئەوە (أبو الأسود الدؤلي) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (ما خلقَ اللهُ خلقاً أضرّ من الصاحب السوء)[٨٤] .

واتە : خوای گەورە هیچ دروستكراوێكی دروست نەكردووە زیانبەخش تر بێت لە برادەری خراپ .

كەواتە پێویستە لە سەر كەسی ژیر و دڵسۆز و غەم خۆری خۆی كە ڕزگاری و بەختەوەری بۆ خۆی دەوێت لە دونیا و دوا ڕۆژدا كەوا دوور بكەوێتەوە لە تێكەڵاوی كردنی ئەو برادەرە خراپەكارانە و بەو پەڕی تواناوە ڕا بكات لێیان و هیچ كەمتەرخەمیش نەكات لەمەدا .

لە كۆتایی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا و دوای ئەوەی شوێنەوار و بەرهەمەكانی هاومەجلیس و برادەری چاكەكار و زیانەكانی هاومەجلیس و برادەری خراپەكارمان بۆ دەركەوت ، هەندێك وتەی لە پێشینەوە ـ بەجێماو بۆمان ـ دەگێڕمەوە بۆتان سەبارەت بە هەڵبژاردنی هاومەجلیس و هاوڕێ و هاندان لەم بوارەدا :

هەندێك وتەی پێشین سەبارەت بە هەڵبژاردنی هاومەجلیس

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((لا تُصاحِبْ إلاّ مُؤمِناً ولا يأكلْ طعامَك إلاّ تَقِيٌ))[٨٥] .

واتە : هاوڕێیەتی كەس نەكەیت ئیللا ئیمان دار نەبێت ، وە با كەس خواردنت نەخوات ئیللا لە خوا ترس نەبێت .

* (الخطابي) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا لە كتێبی (العزلة)دا فەرموویەتی : (واتای فەرموودەكە ئەوەیە : كەسێك دەعوەت مەكە بۆ خواردن لە گەڵتدا ئیللا كەسێكی لە خوا ترس نەبێت ، چونكە لە گەڵ یەكتردا خواردن ئاشنایی و كرانەوە لە ڕووی یەكتردا پەیدا دەكات و دڵەكان كۆدەكاتەوە ، جا بە دوای ئەوەدا بگەڕێ كە هاوەڕێ و تێكەڵبووان و برادەرە تایبەتەكانت لە كەسانی لە خوا ترس و خۆپارێز بن لە تاوان و خراپە)[٨٦] .

* وە (لقمان الحكيم) ڕەحمەتی خوای لێبێت ئامۆژگاری كوڕەكەی دەكات و پێی دەڵێت : (يا بُنَيَّ لا تعدُ بعد تقوى الله مِنْ أنْ تتخذ صاحِباً صالِحَاً)[٨٧] .

واتە : ئەی كوڕی شیرینم لە پاش لە خوا ترسان هاوڕێیەكی چاك هەڵبژێرە و بەس .

---

[٨٣] بهجة قلوب الأبرار ، الحديث الثامن والستون .

[٨٤] الشهاب الثاقب في ذم الخليل والصاحب للسيوطي ص : (٣٢) .

[٨٥] مسند أحمد : (٣ / ٣٨) ، وصحيح سنن الترمذي رقم : (٢٣٩٥) وصحيح سنن أبي داود رقم : (٤٨٣٢) وحسنه الترمذي والبغوي في شرح السنة : (١٣ / ١٦٩) وابن مفلح في الآداب الشرعية : (٣ / ٥٦١) والألباني .

[٨٦] كتاب العزلة ص : (١٤٢) .

[٨٧] كتاب الإخوان ص : (١١٠) رقم : (٢٥) .

* وە (عمر بن الـــخطاب ﷺ) فەرموویـەتی : (لا تتكلمْ فيما لا يَعنيكَ ، واعتزلْ عدوَّكَ ، واحذَرْ صديقكَ إلاَّ الأمين ، ولا أمينَ إلاَّ مَنْ يَخشَى اللهَ ويطيعهُ ، ولا تَمْشِ مع الفاجر فيُعلِّمُكَ من فجورهِ ، ولا تطلعهُ على سِرِّكَ ، ولا تُشاورْ في أمرك إلاَّ الذين يَخشون الله)[٨٨] .

واتە : قسە مەکە سەبارەت بـە شـتێك کـە پەیوەنـدی بـە تـۆوە نیـیـە ، وە دوورەپـەرێز بـە لـە دووژمنەکـەت ، وە وریـا بـە لـە برادەرەکەت ئیللا برادەری ئەمینی دڵ و دەست و زمان و دامێن پاك نەبێت ، وە کەسیش ئەمین نیيە ئیللا کەسێك نەبێت کە لە خوا دەترسێت و گوێڕایەڵی دەکات ، وە لە گەڵ خراپـەکاردا ڕێ مەکـە چـونکە فێـری خراپەکاریـەکانی خۆیـت دەکـات ، وە نهێنیـەکانی خۆتی بۆ ئاشکرا مەکە و دەریمەبڕە بۆی ، وە لە ئیش و کارەکانتدا پرسوڕا بە کەس مەکە ئیللا بەوانە نەبێت کەوا لە خـوا دەترسـن .

* هەروەها فەرموویەتی : (ما أُعطِيَ عبدٌ بعد الإسلام خيراً من أخٍ صالـــح)[٨٩] .

واتە : خوای گەورە هیچ شتێکی نەبەخشیوە بە عەبدێك لە عەبدەکانی لە دوای ئیسلام چاکتر بێت لە برادەرێکی چاك و صاڵح .

* وە (علي بن أبـــي طالب ﷺ) فەرموویەتی : (عليكم بالإخوان فإنَّهم عُدَّةٌ في الدنيا والآخرة ، ألاَ تسمع إلى قول أهل النار : ﴿فَمَا لَنَا مِن شَافِعِينَ(١٠٠) وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٍ(١٠١)﴾ [سورة الشعراء])[٩٠] .

واتە : پەیوەست بن بە برادەرانی چاکەکارەوە چونکە بەڕاستی ئەوانە پشتگیریت لێدەکەن لە دونیا و دواڕۆژدا ، ئایا گوێناگریت بۆ قسەی دۆزەخیـەکان کـە دەڵـێن : لێـرەدا کـەس نیـیـە تکـا و ڕجامـان بـۆ بکـات ، وە برادەرێکـی دۆسـت و دڵسۆزیـشمان نیـیـە پشتگیریمان لێبکات .

* وە (الغزالـــي) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە کتێبی (الإحياء)دا وتویەتی : (عيسى ابن مريم عليه السلام) فەرموویەتی : (جالسوا مَنْ تذكِّركم اللهَ رؤيتُه ، ومَنْ يزيدُ في عملكم كلامهُ ، ومَنْ يرغِّبكم في الآخرة عملهُ)[٩١] .

واتە : لە گەڵ کەسانێکدا دابنیشن کەوا خواتان بیربکەوێتەوە بە بینیان ، وە کردەوەتان زیاد بکات بـە قـسەیان ، وە هانـدەرت بن بۆ دواڕۆژ بە کردەوەیان .

* وە (الـــحسن البصري) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (ما ازداد أحدٌ منكم أخاً في الله إلاَّ ازداد درجةً)[٩٢] .

واتە : هیچ یەکێك لە ئێوە نیيە برادەرێکی لە بەر خوا زیاد بکات ئیللا بە هۆیەوە پلەیەك بەرز دەبێتەوە .

* وە (أبو الدرداء ﷺ) فەرموویـەتی : (لولا ثلاث لأحببتُ أنْ أكونَ في بطن الأرض لا على ظهرها : لولا إخوانٌ لـــي يأتونـــي ينتقون طَيِّب الكلام كـــما ينتقي طَيِّب التمر ، أو أعفِّر وجهي ساجداً لله ، أو غدوة أو روحة في سبيل الله عز وجل)[٩٣] .

واتە : ئەگەر لە بەر سێ شت نەبوایـەت ئـەوا پێمخـۆش بـوو لـە ژێـر زەویـدا ببوایـەم نـەك لـە سـەر زەوی : ئەگـەر بـرادەرانێکم نەبوایەت کە دێن بۆ لام و وتەی خۆشم بۆ هەڵدەبژێرن هەروەکو چۆن خورمای خۆشم بۆ هەڵدەبژێرن ، یان ڕوومەتم خۆڵاوی دەکـەم لە کاتی سووجدەدا بۆ خوا ، یان هەنگاوێکی ڕۆیشتن یان گەڕانەوە لە پێناوی خوادا بنێم .

* وە (محمد بن واسع) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (ما بَقِيَ في الدنيا شيءٌ أُلَذُّ بِهِ إلاَّ الصلاة جماعة ، ولقي الإخوان)[٩٤] .

واتە : لە دونیادا هیچ شتێك نەماوە چێژی لێببینم ئیللا نوێژ لە جەماعەتدا و گەیشتن بە برادەران نەبێت .

---

[٨٨] كتاب العـــزلة ص : (١٤٤) .
[٨٩] اتحاف السادة الـــمتقين : (٦ / ١٣١) .
[٩٠] إحياء علوم الدين : (٢ / ١٦٠) .
[٩١] الـــمصدر السابق : (٢ / ١٥٩) .
[٩٢] الـــمطالب العالية : (٤ / ١٠) .
[٩٣] الزهد للإمام أحمد ص : (١٣٥) .
[٩٤] الزهد للإمام أحمد ص : (٣١٣) .

* وە (بلال بن سعد) ڕەحمەتی خـوای لێبێـت فەرموویـەتی : (أخٌ لك كُلّما لقيكَ ذكَّركَ بحظِكَ من الله خيرٌ لك من أخٍ كلما لقيكَ وضع في كفِّكَ ديناراً)[٩٥].

واتە : برادەرێكت كەوا هەر كاتێك پێت بگات بەشی خۆتت لە لای خوا بیرت خاتەوە چاك ترە بۆت لە برادەرێك كەوا هەر كاتێك پێت بگات دینارێك بخاتە ناو دەستەوە .

* وە پرسیار كراوە لە هەندێك لە دانایان : (أيُّ الكنوزِ خير ؟ قال : أمَّا بعد تقوى الله ، فالأخ الصالـــح)[٩٦].

واتە : چ گەنجینەیەك (چ شتێكی بە نرخی هەڵگیراو) چاك ترە ؟ فەرمووی : لە خوا ترسان ئەنجا برادەری چاك .

* وە وتراوە بە (سفيان) ڕەحمەتی خوای لێبێت : (ما ماءُ العيش ؟ قال : لِقاءُ الإخوان)[٩٧].

واتە : ئاوی ژیان بریتیەیە لە چی ؟ ئەویش فەرمووی : گەیشتن بە برادەران .

* وە هەندێك لە پێشین (سـەلەف) فەرموویـەتی : (أعجزُ الناسِ من قصَّر في طلب الإخوان ، وأعجزُ منهُ مَنْ ضيَّعَ مـــن ظفـــر بـــه منهم)[٩٨].

واتە : بێ دەسەڵات ترینی خەڵك ئەو كەسەیە كە كەمتەرخەمی بكات لە گەڕان بە دوای برادەردا ، وە لەو بێ دەسـەڵات تـر ئـەو كەسەیە كەوا ئەگەر برادەری چاكی دەست كەوت لە دەستی بدات .

* وە وتراوە بە (محمد بن واسع) ڕەحمەتی خوای لێبێت : ئایا چاكترین كردەوە لە دونیادا كامەیە ؟

ئەویش فەرمووی : (صحبة الأصحاب ، ومُحادثة الإخوان إذا اصطحبوا على التُّقَى والبِرِّ فحينئذٍ يذهب الـــخلاف من بينهم)[٩٩].

واتە : هاوڕێیەتی كردنی هاوڕێیانی چاك ، وە قسە كـردن لـە گـەڵ برادەراندا ئەگـەر برادەرێتیەكـەیان لـە سـەر خـوا ترسـان و چاكەكاری بێت ئەوا ئەو كاتە ناكۆكی نێوانیان نامێنێت .

* وە (مالك بن دينار) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (إنَّكَ إنْ تنقل الأحجارَ مع الأبرار خيرٌ لك مِنْ أنْ تأكلَ الـــخبيصَ مع الفُجَّار ، وأنشد :

وصاحب خيار الناسِ تنج مسلماً

وصاحب شِرار الناسِ يوماً فتندما)[١٠٠].

واتە : بەڕاستی ئەگەر تۆ لـە گـەڵ چـاكەكاراندا بـەرد بگوێزیتـەوە چـاك تـرە بـۆت لـەوەی كـەوا خورمـا و ڕۆن بخۆیـت لـە گـەڵ خراپەكاراندا ، ئەنجا ئەم بەیتەی خوێندەوە :

"هاوڕێیەتی چاكترینی خەڵك بكە بـە سـەلامەتی ڕزگـارت دەبێـت .. وە بـۆ تـەنها ڕۆژێكـیش هاوڕێیـەتی خـراپترینی خـەڵك بكـە پەشیمان دەبیتەوە" .

* وە (هلال الرأي) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (أوثق الـــمودَّات ما كان في الله عز وجل)[١٠١].

واتە : بەهێزترین دۆستایەتی ئەوەیە كەوا لە پێناوی خوای گەورەدا بێت .

* وە (الـــمأمون) فەرموویەتی : (إنْ غلب شيءٌ على حُبِّ الـــمال والولد فالأخُ الصالـــح)[١٠٢].

واتە : ئەگەر شتێك هەبێت كە زاڵ ببێت بە سەر خۆشەویستی ماڵ و منداڵدا ئەوا برادەری چاكە .

---

[٩٥] الزهد لابن الـــمبارك ص : (١٦٧) ، والـــحلية : (٥ / ٢٢٥) .
[٩٦] كتاب الإخوان ص : (١٣٣) رقم : (٦١) .
[٩٧] روضة العقلاء ص : (٩٣) .
[٩٨] الإحياء : (٢ / ١٨٠) .
[٩٩] كتاب الإخوان ص : (١٢٨) وكتاب الـــمتحابين في الله ص : (٣٠) .
[١٠٠] تفسير القرطبي : (٢٧/١٣) ، وهو في روضة العقلاء ص : (١٠٠) بدون البيت .
[١٠١] تـــهذيب تاريخ دمشق : (١ / ٤٣٩) .
[١٠٢] جنَّة الرضا في التسليم لـــما قدَّر الله وقضى للغرناطي : (٣ / ٦٨) .

* وە (سفيان الثوري) ڕەحمەتی خوای لێبێت ئەم دوو بەیتەی دەخوێندەوە :

ابلُ الرجال إذا أردتَ إخاءهم
وتوســـمنَّ أمورهم وتفـــقدِ
فإذا وجدتَ أخا الأمانةِ والتُّقى
فبهِ اليدين قرير عينٍ فاشـــددِ[١٠٣]

واتە : ئەگەر ویستت برادەرێتی پیاوانێك بکەیت ئەوا تاقیان بکەرەوە ..

حاڵ و کاریان دەست نیشان بکە و بە دوایدا بگەڕێ ..

جا ئەگەر بینیت برادەرێکی دەست و زمان پاکە و لە خوا ترسە ..

ئەوا بە هەردوو دەستت بە توندی بیگرە خۆت بۆ ئەوەی چاوەکانت ئۆقرە بگرێت .

* وە (محمد بن عمران) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :

وما الـــمرءُ إلاّ بـــإخوانـــهِ
كما تقبضُ الكفّ بالـــمعصمِ
ولا خيرَ في الكفِ مقطوعة
ولا خيرَ في الساعدِ الأجـــذمِ[١٠٤]

واتە : مرۆڤـ هیچ نیە ئیللا بە برادەرەکانیەوە نەبێت .. هەر وەکو چۆن بە مەچەك لەپ دەکەیت بە مشت ..

وە هیچ سوودێك لە لەپەی بڕاوەدا نیە .. وە هیچ سوودێك لە بازووی گەڕ و بڕاوەدا نیە .

* وە هەندێك لە شاعیران وتویانە :

تَجَنَّبْ قرينَ السوءِ واصرم حبالـــه
فإنْ لـــم تَجدْ عنه مَحيصاً فدارهِ
واحبِبْ حبيب الصِّدقِ واحذرْ مراءَهُ
تنل منه صفوَ الودِّ ما لـــم تُمارهِ[١٠٥]

واتە : خۆت بە دوور بگرە لە برادەری خراپ و پەیوەندی لە گەڵدا بپچڕێنە .. وە ئەگەر ڕێگا چارەت نەبوو ئەوا ژیانی لـە گەڵدا بگوزرێنە ..

وە خۆشەویستی ڕاستت خۆشبوێت و ئاگاداریش ببە لەوەی کە مشت و مڕی لە گەڵدا بکەیت .. چونکە بەو شێوازە دۆسـتایەتی پاکت لێیەوە دەست دەکەوێت ئەگەر مشت و مڕی لە گەڵدا نەکەیت .

* وە یەکێکی تر وتویەتی :

اصحَبْ خيار الناسِ أين لقيتهم
خيرُ الصحابة مَنْ يكون ظريفاً
والناسُ مثل دراهم ميَّزتَـــهـــا
فرأيت منـــها فضةً وزيوفـــاً[١٠٦]

واتە : هاوڕێیەتی چاکترینی خەڵك بکە لە هەر کوێیەکدا پێیـان گەیشتیت ..چاکترین هـاوڕێ ئـەو کەسـەیە کـەوا ڕێـك و پێـك و سەرنج ڕاکێش بێت ..

---

[١٠٣] كتاب الإخوان ص : (١١٥) وروضة العقلاء ص : (١٠٥) .

[١٠٤] روضة العقلاء ص : (٦٨) .

[١٠٥] تفسير القرطبي : (١٣ / ٢٦) .

[١٠٦] روضة العقلاء ص : (١٠٢) وتفسير القرطبي : (١٣ / ٢٦) .

خەڵكی وەكو دیرهەم وان لە كاتێكدا كەوا جیایان دەكەیتەوە .. لە ناویدا زیوی ڕەسەن و ساختەش (مزەوەر) دەبینیت .

برام لە كۆتایدا دەڵێم :

خۆت پەیوەست بكە بە هاومەجلیس و برادەری خێر ویست و چاكەكار و ئەمەش لە ناخی خۆتدا جێگیر بكە ، وە سوود ببینە لە زانست و ڕەوشت و كردەوەكانیان ، وە خۆت ڕۆشنبیر بكە بە بۆچوون و ڕێنماییەكانیان ، وە ئەوەش لە بیر ناكەم كەوا دەبێت صەبر و ئارام گرتنت یاد خەمەوە لە سەر ئەو ئازار دان و كەم و كوڕیانەی كە لە لایەن هەندێكیانەوە دەیبینیت بە هۆی زاڵبوونی ناتەواوی بە سەریانەوە ، هەروەها بە هۆی جیاوازی تەبیعەت و ڕەوشت و ئاكاریانەوە .

وە بەردەوام ئەم ئایەتە بهێنەرە پێش چاوی خۆت و بیهێنە بە سەر لاپەڕەكانی دڵتدا كەوا خوای گەورە تێیدا فەرموویەتی :

﴿وَٱصۡبِرۡ نَفۡسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجۡهَهُۥۖ وَلَا تَعۡدُ عَيۡنَاكَ عَنۡهُمۡ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَا تُطِعۡ مَنۡ أَغۡفَلۡنَا قَلۡبَهُۥ عَن ذِكۡرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمۡرُهُۥ فُرُطٗا ٢٨﴾ [سورة الكهف] .

واتە : ئارام بگرە لە گەڵ ئەو كەسانەدا كەوا خوای پەروەردگاریان دەپەرستن و لێی دەپاڕێنەوە * بە بەیانیان و ئێواران بە مەبەستی ڕەزامەندی و پاداشتی پەروەردگاریان ، وە چاوەكانت تێمەپەڕێنە لێیان بە مەبەست جوانی ژیانی دونیا ، وە گوێڕایەڵی ئەو كەسانە مەكە كەوا بێئاگامان كردوون لە یاد و بەرنامەكەی خوا و شوێنی ئارەزووی خۆیان كەوتوون و بەرژەوندیەكانی دین و ژینی خۆیان لە دەست داوە و فەوتاندویانە .

داواكارم لە خوای گەورە كەوا هاومەجلیس و برادەری چاكەكار ئەوانەی دەستمان دەگرن بەرەو بەختەوەری دونیا و دوارۆژ بۆ من و ئێوەش بە نسیب كات ، وە كردنی چاكە و خێرەكان و وازهێنان لە خراپەكانمان پێ ببەخشێت ، وە بمانكاتە كلیلی كردنەوەی دەرگای چاكە و داخستنی خراپە ، وە هەر هەموومان كۆبكاتەوە لە جێگای ڕحمەت و میهرەبانی خۆی .. آمین .

وصلى اللهُ وسلَّمَ على نبينا محمد
وعلى آلــهِ وصحبهِ أجمعين
تەواو بووم لە وەرگێڕانی ئەم نامیلكەیە
لە پێش نوێژی مەغریبی ڕۆژی شەممە ڕێكەوتی :
٢٧ / ٤ / ١٤٢٩ ك
٣ / ٥ / ٢٠٠٨ ن

(باوكی فیردەوس محمد عبد الرحمن لطیف) / كەلار
(٠٧٧٠١٩٨٨٦٢٣)

* مەبەستی ئەوەیە لە گەڵ كەسانی خوا پەرستدا تێكەڵ ببە و هاوڕێیەتی ئەو جۆرە كەسانە بكە و تەنها چاو ببڕە ئەوان و لا مەكەرەوە بە لای ئەوانەدا كە بێئاگان لە خوا و بەرنامە پیرۆزەكەی .

پاشکۆ :

باشترین
هاوڕێی بێدەنگ کتێبە
و
هەڵگرانی
زانستی شەرعی و پەیڕەوکارانی سوننەت
باشترین
هاوڕێ و هاوەجلیسن

به پێنووسی
محمد عبد الرحمن لطيف

باشترین هاوڕێی بێدەنگ کتێبە

هەندێك لە دانایان وتویانە : (الكِتابُ خيرُ جليس) واتە : کتێب باشترین هاوەجلیس و هاوڕێیە .

مەبەستیش بە وشەی (کتێب) لێرەدا ئەو کتێبەیە کە زانستی بە سوود و ڕاست و ڕەسەنی لە خۆ گرتبێت ، زانستێك کە سوودی دین و ژینی تێدا بەرقەرار بێت ، ئاشکراشە کە (**زانستی شەرعی**) سەروەری هەموو زانستە بە سودەکانە و بەختەوەری ژین و دینی پێوە بەندە .

پێناسەی زانست :

١ ـ ئیمامی (محمد بن عبد الوهاب) فەرموویەتی : (**العلم** هو : معرفة الله ومعرفة نبيه محمد ﷺ ومعرفة دين الإسلام بالأدلة) .

واتە : **زانست** بریتییە لە : ناسینی خوا و ناسی پێغەمبەرەکەی (محمد ﷺ) و شارەزا بوونە لە ئاینی ئیسلام بە بەڵگەوە .

٢ ـ وە پێشەوا (ابن القيم) فەرموویەتی : (**العلمُ** قال اللهُ قال رسولُهُ قال الصحابةُ ...) .

واتە : **زانست** بریتییە لە : فەرموودەی خوا و فەرموودەی پێغەمبەر و فەرموودەی صەحابە ...

٣ ـ وە ئیمامی (الأوزاعي) فەرموویەتی : (**العلمُ ما جاءَ عن أصحاب مُحمَّد** ﷺ، وما لَمْ يَجيءْ عن أصحاب مُحمَّد ﷺ فليسَ بعلم) .

واتە : زانست ئەوەیە کە لە صەحابەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ)
هاتبێت ، وە ئەوەی کە لە صەحابەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) نەهاتبێت ئەوا علم و زانست نیيە .

٤ ـ وە ئیمامی (شافعي) فەرموویەتی :

(كُلُّ العلومِ سِوى القُرآنِ مَشغلَة
إلاَّ الحديثَ وإلاَّ الفقهَ في الدينِ

العلمُ ما كانَ فيــهِ قال حدَّثــنا

وما سِوى ذاكَ وَسواسُ الشياطــينِ) .

واتە : هەموو زانستەکان جگە لە **قورئان** خۆخەریك کردنە .. تەنها **فەرموودە** و **تێگەیشتن و شارەزا بوون لە دین** نەبێت .

زانست ئەوەیە کە تێیدا بوترێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی و جگە لەمەش هەمووی وەسوەسەی شەیتانە .

٥ ـ وە ئیمامی (ابن حجر العسقلانـــي) **فەرموویەتی** : (الــمُراد بالعلم : **العلمُ الشرعــي** الذي يُفيد معرفةُ مـــا يَجِــبُ علــــى الــمُكلَّفِ من أمرِ دينهِ فـــي عباداتهِ ومعاملاتهِ ، والعلم باللهِ عَزَّ وجل وصفاتهِ وما يَجبُ لــهُ من القيام بأمرهِ ، وتنـــزيههُ عن النقـــائص ، ومدارُ ذلك علـــى التفسير والفقه والــحديث) "فتح الباري شرح صحيح البخاري" : (١ / ١٨٧) .

واتە : مەبەست بە زانست : زانستی شەرعی‌یە کە سودی شارەزابوونی تێدایە لەوەی کە پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێکی ئەرك لە سەر (تەکلیف لێکراو) لە بواری ئاینەکەیدا لە پەرستنەکانی و لە هەڵس و کەوتەکانیدا ، وە زانیاری دەربارەی خوای گەورە و سیفەتەکانی و ئەوەی کە پێویستە لە سەری لە پێناوی ئەودا پێی هەڵبسێت لە فەرمانەکانی و پاك ڕاگرتنی لە کەم و کوڕی ، وە هەموو ئەوانەش ڕاوەستاون لە سەر : تەفسیر و فقه‌ و فەرموودە .

هەڵگرانی
زانستی شەرعی و پەیڕەوکارانی سوننەت
باشترین هاوڕێ و هاومەجلیسن

باشترین هاوڕێ و هاومەجلیس و برادەر بۆ مرۆڤـ ئەو کەسانەن کەوا دوو شتیان تێدا بە دی دەکرێت (زانستی بە سوود و کردوەی چاك / العلمُ النافع والعملُ الصالــح) ، ئەمەش تەنها و تەنها لە (هەڵگرانی زانستی شەرعی و پەیڕەوکارانی سوننەت)دا ئەوانەی کە حەق و ڕاستییەکان دەزانن و کردەوەشی پێدەکەن (يعلمون الــحق ويعملون بهِ) دەبینیتەوە .

خوای گەورە بۆی دیاری و دەست نیشان کردووین باشترین هاوڕێ کێن و بە چیش لە گەڵ ئەواندا دەبین ، ئەویش لەم ئایەتەدایە کە تێیدا فەرموویەتی: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴿٦٩﴾﴾ [سورة النساء] .

واتە : هەر کەسێك گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر بکات ئەوا لە گەڵ ئەو کەسانەدا دەبێت کە خوا نیعمەتی خۆی پێبەخشیوون لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان ، وە **ئەوانەش باشترین هاوڕێن** .

لە بەر گرنگی و بایەخی ئەم بابەتە دەبینین خوای گەورە فێری کردووین کەوا لە نوێژەکانماندا بە لایەنی کەمەوە ڕۆژانە حەفدە (١٧) جار داوای لێبکەین هیدایەتمان بدات و ڕێنماییمان بکات بۆ سەر ڕێگای ئەوانەی نیعمەتی خۆیی پێبەخشیون کە باشترین هاوڕێن :

﴿ ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴿٦﴾ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧﴾﴾ [سورة الفاتحة] .

واتە : خوایە ڕینماییمان بکە بۆ سەر ڕێگای ڕاست .. ڕێگای **ئەوانەی کە نیعمەتی خۆتت پێبەخشیون** ، نەك ئەوانەی کە لێیان تۆڕە بویت و نەك ئەوانەش کە گومڕا بوون[1] .

هۆی تۆڕە بوونی خوا لە جوولەکەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان زانستیان پێ بوو بەڵام کردەوەیان پێ نەدەکرد !

وە هۆی گومڕا بوونی گاورەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان کردەوەیان دەکرد بەڵام بە بێ زانست !

بەڵام ئەوانەی کە خوا نیعمەتی خۆیی پێبەخشیون لە (پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان) زانستی بە سوودیان پێ بووە و لە هەمان کاتدا کردەوەی چاکیشیان کردووە بەو زانستە بە سوودە ، بۆیە خوای گەورە ئەو ڕێزەی لێ ناون و فەرمانی

---

[1] پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((الــمغضوب عليهم اليهود والضالين النصارى)) [سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٣٢٦٣)] .
واتە : ئەوانەی کە خوا لێیان تۆڕە بووە بریتین لە جوولەکە ، وە ئەنوانەی کە گومڕا بوون بریتین لە گاورەکان .

بە ئێمەش كردووە كە داوای لێبكەین ڕێنماییمان بكات بۆ سەر ڕێگا ڕاستەكەی ئەوان بۆ ئەوەی ببین بە هاوڕێی ئەوان لە دونیا و قیامەتدا .

* یەكێك لە پێشەوایانی سەلەف (ابن شَوذَب) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (إنَّ **مِنْ نعمةِ الله** على الشابِّ إذا نَسَكَ أنْ يُؤاخيَ صاحب السُّنَّة يحملهُ عليها)[٢].

واتە : بەڕاستی هەندێك لە نیعمەتەكانی خوا بە سەر گەنجەوە لە كاتێكدا پێدەگات ئەوەیە كە برادەرێتی كەسێك لە هەڵگرانی سوننەت بكات بۆ ئەوەی پەروەردەی بكات لە سەری .

* یەكێكی تر لە پێشەوایانی سەلەف (أيوب السختياني) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (إنَّ **مِنْ سَعادةِ** الحَدَث والأعجميِّ أنْ يُوفِّقَهما الله للعالِمِ بالسُّنَّة)[٣].

واتە : بەڕاستی بەختەوەری گەنج و كەسێك كە زمانی عەرەبی نەزانێت لەوەدایە كە خوا زانایەكی شارەزا بە سوننەتی بۆ ڕێكبخات كە تێیبگەیەنێت و پەروەردەی بكات لە سەری .

لەمەوە بۆمان ڕوون و ئاشكرا دەبێت كەوا هاوڕێیەتی كردنی شارەزایان بە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) و شوێنكەوتوانی ئەوانەی كە بەردەوام داكۆكی دەكەن لە زیندوو كردنەوە و پەیڕەو كردنی سوننەتەكان كاریگەری بەرچاویان هەیە لە سەر ژیان و داهاتووی لاوان بۆیە زانایانی پێشین زۆر بایەخیان پێ داوە و جەختیان لە سەر كردووەتەوە ، چونكە بە هاوشێوەی ئەم جۆرە هاوڕێیەتی و برادەرێتیە خوای گەورە گومڕایان ڕزگار دەكات و هیدایەتی لاڕێبووان دەدات بۆ سەر ڕێگای ڕاست كە بریتیە لە زانستی بە سوود و كردەوەی چاك .

زانستی بە سوود و كردەوەی چاك
پەیامی پێغەمبەرمانە (ﷺ)

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾[سورة التوبة : ٣٣ ، وسورة الصف : ٩] .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ﴿٢٨﴾﴾ [سورة الفتح : ٢٨]
واتە : خوای پەروەردگار پێغەمبەرەكەی ناردووە بە (ڕێنمایی) و (دین داری ڕاستەقینە) بۆ ئەوەی دینەكەی سەركەوێت بە سەر هەموو دین و ئاینەكانی تردا ئەگەر چی موشریك و هاوەڵبڕیادەرەكانیش پێیان ناخۆش بێت ، وە خواش بەسە ببێت بە شاهید .

ئیمامی (ابن كثير) فەرموویەتی : (فـالْهُدَى هو العلم النافع ، وَدِينِ الْحَقِّ هو العمل الصالح)[٤].

واتە : (ڕێنمایی) بریتیە لە : زانستی بە سوود (العلم النافع) ... (دین داری ڕاستەقینەش) بریتیە لە كردەوەی چاكە (العمل الصالح) .

هەروەها فەرموویەتی : (فـ**الْهُدَى** هو ماجاء به من الإخبارات الصادقة والإيمان الصحيح والعلم النافع ، **وَدِينِ الْحَقِّ** هو الأعمال الصالحة الصحيحة النافعة في الدنيا والآخرة)[٥].

---

[٢] شرح أصول السنة للالكائي رقم : (٣١) .
[٣] شرح أصول السنة للالكائي رقم : (٣٠) .
[٤] تفسير ابن كثير : (٤ / ١٧١) .

سودێك : ئیمامی (ابن كثير) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا : ﴿يَهۡدِىٓ إِلَى ٱلۡحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٣٠﴾﴾ [سورة الأحقاف] فەرموویەتی : (﴿يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ﴾ لە بیروباوەڕ و هەواڵەكاندا ، ﴿وَإِلَى طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ لە كردارەكاندا ، چونكە قورئان دوو شتی تێدایە : هەواڵ و داواكاری ، جا هەواڵەكانی ڕاستن و داواكاریەكانیشی دادپەروەرانەن ، هەروەك چۆن خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلاً﴾ ، وە هەروەها فەرموویەتی : ﴿هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ **بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ**﴾ فـ**الْهُدَى** هو العلم النافع ، **وَدِينِ الْحَقِّ** هو العمل الصالح ، بە هەمان شێوە جنۆكەكانیش ووتیان : (﴿يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ﴾ واتە : ڕێنمایی دەكات بۆ حەق (لە بیروباوەڕدا / في الاعتقادات) ، ﴿وَإِلَى طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ واتە : ڕێنمایی دەكات بۆ ڕێگای ڕاست (لە كردارەكاندا / في العمليات).

[٥] تفسير ابن كثير : (٢ / ١٣٥) عند تفسير الآية (٣٣) من سورة التوبة .

واتە : (**الْهُدَى** / ڕێنمایی) بریتیە لەوەی كە پێغەمبەر ﷺ پێی هاتووە : لە هەواڵە ڕاستەكان و باوەڕی دروست و زانستی بە سوود ، (**وَدِينِ الْحَقِّ** / دین داری حەق و ڕاستەقینە) بریتیە لە كردەوە چاك و ڕاست و بە سودەكان لە دونیا و دواڕۆژدا .

وە هەروەها فەرموویەتی : (هُوَالَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ **بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ** أي بالعلم النافع والعمل الصالـــح ، فإنَّ الشريعة تشتمل على شيئين : علم وعمل ، فالعلم الشرعي صحيح .. والعمل الشرعي مقبول)[٦].

واتە : مەبەست بە (**الْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ**) بریتیە لە زانستی بە سود و كردەوەی چاك ، چونكە شەریعەتی ئیسلام دوو شتی لە خۆ گرتووە : زانست و كردەوە ، جا زانستی شەرعی ڕاستە .. وە تەنها كردەوەی شەرعیش وەردەگیرێت .

* شێخ (عبد الرحمن السعدي) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (صُحبَةُ الأخيار : توجب **العلوم النافعة** ، والأخلاق الفاضلة ، و**الأعمال الصالحة** ، وصحبة الأشرار تـــحرِمُ من ذلك أجمع)[٧].

هاوڕێیەتی كردنی چاكەكاران : **زانستە بە سوودەكان** و ڕەوشتە جوانەكان و **كردارە چاكەكان** مسۆگەر دەكات ، وە هاوڕێیەتی كردنی خراپەكاران لە هەموو ئەوانە بێبەش و مەحرومت دەكات .

* لە كۆتایدا دەڵێم :

ئایا پێت خۆشە لە گەڵ كام لەمانەدا بیت :

الرحمن	یان	الشيطان
أهل الإيـمان	یان	أهل الكفر
أهل التوحيد	یان	أهل الشرك
أهل السنة	یان	أهل البدعة
أهل الطاعة	یان	أهل المعصية
أصحاب الـــجَنَّة	یان	أصحاب النَّار

﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِۗ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِۖ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدْخِلَ ٱلْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَۗ ﴾ (١٨٥) [سورة آل عمران]

==============================

سایتی بەهەشت

www.ba8.org

Iraq – Kurdstan
Asia : 00964 770 151 7378
Sana : 00694 750 116 4565
www.ba8.org
Email: Ba8@maktoob.com
Email: Islam_kurd_ba8@yahoo.com
Paltalk: islam_kurd_ba8

داواكارین لە دوعای خێر بێ بەشمان مەكەن

[٦] تفسير ابن كثير : (٤ / ٢٠٤) عند تفسير الآيــة (٢٨) من سورة الفــتح .
[٧] بـــهجة قلوب الأبرار ص : (٢٢٦) .